ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

سێشەممە ١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٣ ٦ی مای ٢٠١٤ | ژمارە ٦٣١ | www.kurdistanukurd.com

## «ئێران لە ئاستی جیهاندا پشتیوانی لە تێرۆریسمی دەوڵەتی دەکا»

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ڕۆژی ٢٠١٤/٥/١ لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە بارەی تێرۆریزمی جیهانیی گوتی ئێران وەک گرینگترین پشتیوانی تێرۆریزمی دەوڵەتی ناوی هاتوەو ئاماژە بەوەش کراوە کە ئێران لە بەرامبەر ویستو داواکان بۆ سەلماندنی ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ناوکییەکەی بەربەرەکانیی کۆمەڵگای جیهانی دەکا.


وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەڵێ: «مەترسییە تێرۆریستییەکان لە ساڵی ٢٠١٣ زۆر بە خێرایی پەرەیان سەندوەو ژمارەی گرووپە تێرۆریستییەکانیش لە ئاستی جیهاندا زیاتر بوون.

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەڵێ ڕێژیمی تاران هەروا سوورە لەسەر پشتیوانی کردنی لە گرووپە تێرۆریستییەکانو، ئەم ڕێژیمە تواناو




پێگەی خۆی لە ئافریقادا بەهێز کردووەو بەردەوام هەوڵ دەدا چەکوچۆڵی قاچاغ بۆ گرووپە دژبەرەکانی دەوڵەت لە یەمەن و بەحرەین بنێرێ.

# خوێندکارانی کورد پێویستە لە هەست کردن بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی‌دا پێشەنگ بن




### یادکردنەوەی شەهید سمایل شەریفزادە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە ڕێوڕەسمێکدا یادی شەهیدانی ڕاپەڕینی چەکداریی ٤٦ – ٤٧ی شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکڕاتو سمایل شەریفزادە، وەک سەمبولو پێشەنگی بزووتنەوەی خوێندکاری بەرز ڕاگیرا.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕۆژی ١٤ی بانەمەڕ ڕێورەسمێکی بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید سمایل شەریفزادەو شەهیدانی دیکەی جووڵانەوەی چەکداریی ٤٦ – ٤٧ ی شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکڕات پێکهێنا.

ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو پاشان پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەو بۆنەیە لەلایەن سۆهراب ڕەحمەتی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات بەو بۆنەیە لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە کە دەقی پەیامەکە لەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە.

شایانی باسە کە دوو سروودی حەماسی لەلایەن خوێندکارانو بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانو خوێندنەوەی شێعرێکی مامۆستا هێمن لە پەسنی شەهید سمایل شەریفزادە لەلایەن محەمەد ئەفەندی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوون.



جینایەتی بەندی٣٥٠ی زیندانی ئێوینو خوێندنەوەیەک بۆ مافی زیندانیان

٥



ساڵی ٢٠١٣، خراپترین ساڵ بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان

٦




فەیسبووک... لە ئامانجی زوکێربێرگەوە تا سنووربەزاندنو ئازاردانەکانی ئەمڕۆ!

٩



کرێکاری کورد لە نێو خاکو خۆڵو؛ بۆنی بارووتو خوێندا

١٠



ڕۆژی جیهانیی کتێبو چەند قسەیەک

١١

## لە یادی یەکی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا

کەماڵ کەریمی

یەکی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکارو ڕۆژی هاوپێوەندی نێونەتەوەیی کرێکاران، ئەو ماندووبوونو ئارەق ڕشتنوقوربانیدانانە وەبیر دێنێتەوە کە بە هۆی پێوەندی نادادپەروەرانەی سەرمایەوە وەبەرهاتوەو بەسەر کرێکاراندا سەپاوە. هەرچەند دیاریکردنی یەک ڕۆژ لەساڵدا بۆ یادکردنەوەی زەحمەتو خەباتی بەرینترینی ئەم چینە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، سەرکەوتنێک بوو بۆ کرێکارانو چینی چەوساوە.

ڕۆژی یەکی مانگی مای،کە هەر لە یەکەم ساڵی ناودێرکردنی بە ڕۆژی کرێکار، سەرەڕای هەموو ئاستەنگێک، ئێستا بوەتە بۆنەیەک کە بە میلیۆنان ژنو پیاوی لایەنگری دادپەروەری_ کۆمەڵایەتی لەسەرانسەری جیهاندا لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە. ئەوان لەیەک ڕۆژدا و لەسەرانسەری ئەو جیهانە بەرینەدا، بە وەڕێخستنی ڕێپێوان و خۆپیشاندانو بۆ داواکردنی مافە ئینسانییەکانیان، نموونەیەکی جوانوشیاو لە هاوپێوەندییەکی جیهانی دەردەخەن. لەوڕۆژەدا سەرەڕای دروستکردنی زۆر ئاستەنگو پەلاماردانیان لە لایەن پۆلیسی پارێزەری دامودەزگای سەرکوتکەر، هەموو ئەو مرۆڤانەی بە جۆرێک بوونەتە قوربانی نادادپەروەری سیستمە سیاسیو ئابوورییەکان، یەک دەنگو هاودەنگ هاواری دادپەروەری بەرزدەکەنەوە.

هەرچەند ئەمە دیاردەیەکی جیهانییەو ڕەنگە جیاوازی پێوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتانی جیاوازدا شوێنی لەسەر جیاوازی لەجۆر و رادەی چەوسانەوەکان دانابێ، بۆنموونە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو جیاوازییەکان بوونەتە تەوقێکی قایمتر لەملی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی دووفاقەی سەرمایە وئایینیدا کرێکارانو زەحمەتکێشان زوڵمی چەندجارەیان لێدەکرێ. ئەوان جگە لە زوڵمی چینایەتی بەهۆی زەقکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی، ئایینیو سیاسییەوە لەژێر فشاری چەوساندنەوەی چەند جارەدان. ئەگەر لەوڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراوی ئازادی سینفیو دەربڕینی داواکارییەکانیان پێدەدرێ، لە ئێراندا ئەو کارانە جگە لە قەدەغەبوونیان وەک تاوانی سیاسی چاولێدەکرێو سزای قورسی لەسەرە.

ل ٢

## ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان داوا دەکا ئێران کۆتایی بە بەندکردنی ناعادڵانەی کەبودوەند بێنێ

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆتایی بە بەندکردنی ناعادڵانەی کەبودوەند بێنێ.
بەیاننامەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەڵێ محەممەد سەدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕۆژی دووشەممە دوای ١٩ ڕۆژ تلانەوە بە دەم ئێشو ئازاری برینەکانی لە بێهداریی بەندیخانەی ئێڤینەوە بۆ بەندی ٣٥٠ ی ئەو گرتووخانەیە گوازراوەتەوەو؛ پەریناز حەسەنی، هاوسەری کەبدوەندیش دەڵێ لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی دووشەممەدا هێشتا ئاسەواری شینهەڵگەڕان بەهۆی لێدانو کوتان بە لەشییەوە دیار بووە.
محەممەد سەدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە کاتی هێرشی دڕندانەی هێزەکانی زیندانی ئێڤین بۆ سەر زیندانیانی سیاسیی بەندی ٣٥٠ بە توندی هێرشی کرایە سەرو لەو لێدانو کوتانەدا دوو قامکی لاقی چەپیو سێ پەراسووی شکاو تاندۆنی دەستی چەپی پچڕاو گورچیلەکانی تووشی خوێنبەربوون هاتنو هەموو گیانی شینو ڕەش کرایەوە.
ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیاننامەیەدا داوای پێڕاگەیشتن بەپەلەی بۆ محەممەد سەدیق کەبودوەند کردوەو دەڵێ پێویستە ناوبراو دەسبەجێ بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەیەک لە دەرەوەی زیندان بگوازرێتەوەو کۆتایی بە گرتنو زیندانیکدنی ناعادڵانەی ناوبراو بێ.




ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان هەر لەو بەیاننامەیەدا بە دانە بەر ڕەخنەی کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپا لاوازیی ئەوان لە دانوستانە سیاسییەکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری پەلاماری وەحشیانەو نامرۆڤانەی بەرپرسانی زیندانی ئێڤین بۆسەر زیندانیانی سیاسی زانیوەو داوای لە بەرپرسانی ئەو یەکیەتییە کردوە لە بەردەوامیی دانوستانەکانیان لەگەڵ ئێران بارودۆخی مافی مرۆڤو زیندانیانی سیاسی لە ئێران لە بیر نەکەنو بەدواداچوون بۆ پرسی مرۆڤ لە ئێران لە سەرووی داڵغەو بەرنامەی دانوستانیان لەگەڵ ئێران بێ

# خالید عەزیزی: «ئێمە هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە کە عونسوری کوردی لە کێشەکانی نێو ئێراندا بێ تەفاوەت نەبێ و پەراوێز نەخرێ»



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتیدا دوایین سیاسەت و تێروانینی حیزبی دێموکراتی لەسەر باسەکانی پێوەندیدار بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەنگۆی وتووێژو دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان و کاردانەوەکان بە بڵاوکردنەوەی گەڵاڵەی یەکبوونەوەی دێموکڕاتەکانی لەلایەن حیزبەوە هێنایە بەر باس.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی سێشەممە، ٢ی بانەمەڕ بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سالۆنی کۆڕو کۆبوونەوەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو، کاک خالید عەزیزی بە خوێندنەوەیەک بە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت و مامەڵەی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە تیشکی خستەسەر پێوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئێران.

کاک خالید بە ئاماژە بە ئاڵوگۆڕە نێوخۆییەکان لە نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا گوتی کە حاشا لەوە ناکرێ کێشەو ناکۆکیی بیروبۆچوون لە نێوان باڵەکانی ڕێژیمدا هەیەو ئەو کێشانە بۆ حیزبی دێموکڕات نامۆ نین و ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامییە کە لە نێو خۆیاندا دەرفەت و بەستێن و ئامرازی کێبڕکێیان لە نێو خۆیاندا هێشتۆتەوەو ئەو کێبەڕکێیانە جاری وایە دووبەرەکی و فرەڕەهەندیی دەزگاو موئەسیساتی حکوومەتی بەشێک لە سروشتی ئەو ڕێژیمەیەو توانیویانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرن و؛ هەر کاتێکیش خەڵک لە ئێران و کوردستان ئەو هەل و دەرفەتانەیان قۆستبێتەوە، حیزبی دێموکراتیش قسەی خۆی بووەو لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی سیاسەت و هەڵوێستی خۆی بووەو لە داهاتووشدا دەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەو بەشە لە قسەکانیدا بە ئاماژە بەو وادەو بەڵێنانەی ڕووحانی لە کوردستان بە خەڵکی دابوو، وەک کرانەوەی فەزای سیاسی، کەمکردنەوەی چاوەدێری، دروستکردنی حیزب و جێبەجێکردنی هەندێ لایەنی لەبیرکراوی قانوونی ئەساسی، تیشکی خستە سەر ئەوەی ڕووحانی دوای نیزیک بە یەک ساڵ دەرفەت و دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی نەیتوانیوە پێبەندی وادەو بەڵێنەکانی پێشووی بێ و ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆمان بەدی نەکردوە، بەڵام لەو ماوەیەدا لەگەڵ چوونەپێشێی کێشەو پرسەکان هەوڵمان داوە عونسوری کوردی و گوتاری کوردی لەو کێشانەدا بێ تەفاوت نەبێ و نەکەوێتە پەراوێزو لە بردنە پێشێی ئەو سیاسەتەش بەردەوام دەبین.

پرسی هەڵبژاردنەکان لە تورکیەو باکووری کوردستان، باشووری کوردستان و پرسەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێ و مامەڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی لەسەر بنەمای بەهێزکردنی پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و؛ هەڵوێست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئەو بابەتانە دوو تەوەری دیکەی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیەدا بوون.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا پڕژایە سەر دەنگۆی وتووێژو دانوستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە کەناڵی NRT ییەوە بە مەبەستێکی تایبەت سەری وەدەرناو لەو پێوەندییدا ڕوونی کردەوە

**کە کێشەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کێشەیەکی سیاسییە، لە سەر شوناس و مافی نەتەوەیی و داوا قانوونی و ڕەواکانمانەو، بۆ ئێمە ڕەوایە کە لەسەر هەموو شێوازەکان بۆ گەیشتن بە ماف و داواکانمان بڕۆینە پێشێ و**



**دانوستان یەک لەوانەو، ئێمە جەوهەری دانوستان و وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک پرەنسیپ ڕەت ناکەینەوە، بەڵام ئێمە بە خوێندنەوەی خۆمان بۆ ئەو بابەتە دەچین و وتووێژو دانوستاندن بە مانای واقیعیی خۆی لە نێوان ئێمەو کۆماری ئیسلامیدا نەبووە.**

کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ کاردانەو بە بڵاوکردنەوەی گەڵاڵەی یەکبوونەوەی دێموکرات تیشکی خستە سەر ئەوەی حیزبی دێموکڕات دوای ئەوەی جیددی نەبوونی حدکا بۆ پرسی یەکگرتنەوە وتووێژەکانی گەیاندە بۆنبەست، ناچار بوو ئەو گەڵاڵەیە بڵاو بکاتەوە تا بیروڕای گشتی و خەڵکی کوردستان لە دواهەنگاوەکانی ئەو پرسە ئاگادار ببنەوە کە مافی خۆیانە. ئەوەی ئێمە بڵاومان کردۆتەوە گەڵاڵەی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکانە کە خەڵکی کوردستان دەیهەوێ، دۆستان و دڵسۆزانی حیزب و تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی ئەوانیش دەیانەوێ، گەڵاڵەیەک کە جیددیەتی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی یەکگرتنەوە دەگەیەنێ و هاندانی دەسبەکاربوونەوەو هاتنەوەگۆڕێی ئەو پرسەیە.

شایانی باسە لە دوایین بڕگەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک لە بەشداران ڕاو سەرنجی خۆیان لە سەر بابەتی کۆبوونەوەکە دەربڕی و تێبینی و پرسیارەکانیان خستە بەر باس کە دواتر لەلایەن کاک خالید عەزیزییەوە وەڵامی پرسیارەکان درانەوە.

# کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ کاربەدەستو پارلمانتارانی دانمارک

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەو کۆمیسۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلمان و چەند کەسایەتییەکی ناوداری دانمارکی دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک ڕۆژی چوارشەممە زنجیرە دانشتن و چاوپێکەوتنێکی بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ کۆمەڵێک لە پارلمانتاران و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتە پێکهێنا.

لە یەکەم سەرداندا سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتی ئامانج پیرمە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب و ڕەشید قازی بەرپرسی کومیتەی ناوچەی شیلەند لە وەزارەتی دەرەوەی دانمارک چاوی بە «دانی ئەننان»، جێگری وەزیری دەرەوەی دانمارک و بەرپرسی ئاسیاو باکووری ئەفریقای ئەو وەزارەتخانەیە کەوت. هەیئەتی حیزب دوای ئەو دیدارە چاویان بە هۆلگەک نیلسن، ئەندامی پاڕلمان و وەزیری پێشووی دەرەوەی دانمارک لە حیزبی سۆسیالیست گەلی دانمارک کەوت و لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی لەگەڵ بەڕێزیان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش بە هاوڕێیەتی حوسین حەسەنزادە، بەرپرسی کومیتەو ئامانج پیرمەو ڕەشید قازی لە هۆلی کۆمیسۆنی دەرەوەی پارلمانی دانمارک لەگەڵ خاتوو مێدە یەرسکۆ بەرپرسی ئەو کۆمیسۆنەو سکرتێرو ئەندامی پەیوەندی ئەم کۆمیسۆنە لە پارلمانی دانمارک کۆبوونەوە.

لەم دانیشتنانەدا کۆمەڵە بابەتێکی وەک ئاڵۆگۆڕەکانی ئەم دوایانەی ئێران، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پەرەپێدانی دیمۆکراسی، کێشەی زیندانیە سیاسییەکان و زەخت و زۆری و سەرکوتی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە خرانە بەرباس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکرات لەو دیدارو چاوپێکەوتنانەدا باسێکی لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی پێشکەش کردو ڕایگەیاند کە کێشەی سەرەکیی ئێران تەنیا چەکی ناوەکی نیەو ڕێژیم لە ماوەی ڕابردوودا کێشەی ناوکیی خۆی وەک دەرفەتێک بۆ سەرکوت و ئێعدامی زیاترو هاوکات پەردەپۆش کردنی کێشە نێوخۆییەکانی بەکار هێناوە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەو باسەکانی لەو دیدارانەدا جەختی لە سەر دۆزی کوردو داخۆازییەکانی کردەوەو ڕایگەیاند کە گەلی کورد هیچکات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی پەنای بۆ توندوتیژی نەبردووەو بە پێچەوانە باشترین ڕۆڵەکانی بوونەتە قوربانیی سیاسەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و باشترین بەڵگەش بۆ ئەو قسەیەمان تیرۆی ڕێبەرانی حیزبەکەمان شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە وڵاتانی ئورووپاییە؛ بەوحاڵەش داوا لە وڵاتی دانمارک و وڵاتانی ئورووپایی دەکەین کە پشتگری زیاتر لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکەن و زەخت بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی کە مافی نەتەوەکانی ئێران، کە لە جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژەیان





پێکراوە لەبەرچاو بگرن. بارودۆخی نائاسایی و سەربازی لە کوردستان هەڵوەشێتەو ئێعدام و سێدارەی لاوانی کورد ڕاگیرێ، لە هەمانکاتدا ئێران ناچار بکەن کە بۆچوونی و ڕەفتاری سەبارەت بە نەتەوەکان و کوردەکان بگۆڕێ و کێشەکانیان لە ڕێگای ئاشتیانەوە چارەسەر بکا.

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند کە ڕووحانی وێڕای بەڵێنییەکانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دابووی نەیتوانیوە بە کردەوە لەم پێناوەدا بە تایبەتی لەبواری کردنەوەی فەزایەکی ئاوەڵەتر لە وڵات و دەرفەتی کرانەوەو کەشی وڵات بۆ ئازادیی ئەحزاب و کۆتایی ئێعدام و سێدارەی لاوان هەنگاو بنێ، بۆیە داوا لە وڵاتی دانمارک دەکەین کە بە هاوکاریی وڵاتانی ئورووپایی زەخت بخەنە سەر ئێران کە لەم بوارانەوە هەنگاوی بە کردەوە هەڵبێنێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکرات کوردستان خۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکە کوردستان دەربڕی و ئەم هەنگاوانەی بە سەرکەوتنی گەلی کورد دایە قەڵەم کە سەدان ساڵە بە خەباتی بێ پسانەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی دەدا.

### وتووێژێکی رادیۆتلویزیۆنی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب

لە وتووێژێکی ڕادیۆ تلوێزیۆنی کە بە زمانی ئینگلیزی دەگەڵ کاناڵی ڕووداو بەشی نێونەتەوەیی و ماڵپەری «ژیان دیی کۆ» پێک هات،کاک خالیدی عەزیزی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەم کاناڵەی لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئێران و عێراق و کێشەی تایبەتی کوردەکان دایەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات لە دوایین وێستگەی سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی دانمارک، چاوی بە بەشێک لە ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە کەوت و لە دانیشتنێکی کراوە دا، سەبارەت بە وەزعی ئێستای وڵات و بارودۆخی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو لە کۆتایی دا وڵامی پرسیاری بەشداربووانی دایەوە.

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکڕات لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی «شا»ی وڵاتی هۆلەند لە هەولێر



شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر بەشداری لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی «شا»ی وڵاتی هۆلەند کرد کە لە ئۆفیسی وڵاتی هۆڵەند لە هەولێر بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەک شەممە ٧ی بانەمەڕی ٩٣ شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر کە بۆ ڕێوڕەسمی ڕۆژی «شا» ی وڵاتی هولەنددا بانگهێشت کرابوون، لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون کە لە ئۆفیسی ئەو وڵاتە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕقیب و سروودی نیشتمانیی وڵاتی هۆلەند دەستی پێکرد، جەخت لە سەر پێوەندیی دۆستانەو هەمەلایەنەی هەرێمی کوردستان و هۆلەند کراو باڵوێزی هۆلەند وێڕای پێداگری لە سەر برنامەو پڕۆژە هاوبەشەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان باسی لە سەرکەوتنی بێری شەڵماشی، سینەماکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی هۆلەند کرد کە لە سالۆنێکی ئەو ئۆفیسەدا چەند فیلمێکی پیشان دەدران.

شاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش بە خاتوو «ژینێت سێپێن»، باڵیۆزی وڵاتی شانشینی هولەند لە بەغدا کردو هیوایان خواست کە پەیوەندی وڵاتی هولەند دەگەڵ گەلی کوردو بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زیاتر پەرە بستێنێ.

شایانی باسە هەر لەو ڕیوڕەسمەدا شاندی حیزبی دێموکڕات چاوی بە هێندێک کەسایەتی حیزبی و حکومی هەرێمی کوردستان و کۆنسوڵ و نوێنەرایەتیی وڵاتانی دیکە کەوت و لەو دیدارو کۆبوونەوانەدا لەسەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە حیزبی دێمۆکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

درێژەی:

# لە یادی یەکی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەدرێژەی تەمەنی ٣٥ساڵەی خۆیدا، سەرەڕای هات وهاواری پشتیوانی لە «موستەزعەفان«، بۆ وڵامدانەوە بە داواکاری کرێکاران و گرینگیدان بە کارو ژیانی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا نەتەنیا هیچ بەرنامەیەکی نەبووە، بەڵکوو بە هۆی سیاسەتی دژ بە ئازادییەکانی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکاندا، هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ هەرچی خراپتربوونی کار، پێوەندی کارو ژیان و گوزەرانی کرێکاران وزەحمەتکێشان. پەرەسەندنی بێکاری، کەمبوونی حەقدەستەکان، نەبوونی بیمەی پێویستی کار و ڕووداوەکانی کاتی کارکردن، وەدواکەوتنی حەقدەستی کرێکاران لە زۆر شوێن بۆ چەندین مانگ، نەتەنیا ژیانی ئەو بەشە لەکرێکارانی کە لانیکەم کارێکیان هەیە خستووەتە مەترسی جیدییەوە، بەڵکوو بوەتە هۆی کۆچی کاتی و بەسەدان و هەزاران کرێکاری بێکاری وڵات بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان بۆ منداڵەکانیان ڕوودەکەنە وڵاتانی دراوسێ و لەوێش لەگەڵ گیرووگرفتی تایبەتی ڕووبەڕوو دەبن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەلومەرجی ژیان و کاری کرێکار زۆر لەوە خراپترە کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا دەبیندرێ. نەبوونی کارخانەو کارگەو شوێنی کارو گوێنەدانی بە ئەنقەستی دەوڵەت بە ناوچە کوردنشینەکان و ڕاگرتنی ئەو ناوچانە لە دۆخێکی خراپی ئابووریدا بە بەهانەی ئەمنییەتی بوونی ئەو ناوچانەوە، کرێکارانی کردوەتە توێژێک لە کۆمەڵ کە بەبێ ئەوەی هەست بکەن لە پێگەی چینایەتی خۆیان دایان بڕیون . کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە ساڵانێک بوو بۆ پەیداکردنی کار ڕوویان لە شارەگەورەکانی ئێران دەکرد، ئیستا لەبەر نەبوونی کار لەو شوێنانەش یا دەچنە هەرێمی کوردستان بۆ پەیداکردنی کار و بژیوی ژیانیان، یا بەناچاری ڕوویان لە کاری پڕ لەمەترسی کردوەو ئەویش کۆڵبەری لە سنوورەکانە کە ساڵانە بە دەیان کەس لەو ڕێگەدا بەدەستی چەکدارانی بەکرێگیراوی ڕێژیم دەکوژرێن یان دەکەونە سەر مین.

هەرچەند ئەمانە تەنیا وێناکردنێکی زۆر بچووکە لە وەزعی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و کوردستان، ئەگینا وەزعی کرێکاران زۆر لەوە خراپترو دڵتەزێنترە، بەڵام هەر ئەوندە بەسە بۆ دەرخستنی نێوەرۆکی دژە ئینسانی و دژ بە مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کۆماری ئیسلامیدا. لەوەها دۆخێکدا پشتگیری لە داواکاری کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان ، لە خەباتیان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان دەبێ وەک ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و دژ بە چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ چاولێبکرێ .

بەو هیوایەی خەباتی یەکگرتووانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی لاینگری دادپەروەری و ئازادی بتوانێ بەسەر زۆرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەرکەوێ و داهاتوویەکی گەش بۆ زەحمەتکێشانی وڵات دەستەبەر بکرێ.

سەرنج بدەن!

«کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## خۆشبوون لە سزای ئێعدامی لاوێک دەبێتە هۆی خۆشحاڵیی خەڵک

ساڵی ١٣٨٢ مەهدیی عەبدوڵلا پەنا کوڕی مەجید خەڵکی کێلێ سەر بە ناوچەی بابۆسی بانە لە لایەن ئومید ڕیحانی، خەڵکی حەوتاشی ناوچەی سەقز دەکوژرێ. ئومێد بۆ ماوەی ١١ ساڵ لە بەندیخانەی ئەهواز دەگیرێ.

ڕۆژی ١٣٩٣/١/٣١ کاربەدەستان بە بنەماڵەی ئومێد ڕادەگەیەنن کە بێن پەتی ئێعدام بخەنە ملی ئومێد. بنەماڵەی مەهدی دەچنە زیندانی ئەهواز. هادی برای مەهدی پەتی ئێعدام لە ملی ئومێد دەکا و دوای چەند دەقیقەیەک پەتەکەی لە مل دەردێنێ و دەڵێ ئەوە بەخشیمی. ئەو بەخشینە دەبێتە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی دەورو بەر و ناوچە.

**لە ناوچەی با نەوە: سەعید**

## نوێترین هەواڵەکانی پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانو فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان



ڕۆژی یەکشەمە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری سەردەشت (گەڕەکی سەر سەدی) ئاشپەزخانەیەکی بەرهەمهێنانی ماددەی شیشە تەقیوەتەوە و ژن و مێردێک بە توندی بریندار بوون . پیاوەکە ناوی «ک. گ» بووە. بە دوای تەقینەوەکەدا هێزی ئینتیزامی چۆتە سەر ماڵەکە و دوو برینداره‌کە دەستبەسەر دەکا.

ڕۆژی هەینی ١٢ی بانەمەڕ، دوو کەس بە ناوەکانی محەممەدو عەبدوڵلای ح. ئە، کە هەر دوویان کوڕی گەورە دەوڵەمەندی شاری سەردەشتن، بە مەوادی موخەددیرەوە گیران.

**لە سەردەشتەوە: تەرخان**

## موجاهیدی، فەرمانداری زۆرداری پیرانشار خەڵکی وەزاڵە هێناوە!

ئێستا باس باسی گرانیو درۆکانی رووحانیو بێدەرەتانیو نەبوونی خەڵکە. خەڵک لەوەی کە ڕۆژبەڕۆژ شت گران دەبێ بێزار بوونو یەکجار زۆر لە ناڕەحەتی دانو بەڕێچوونیان سەخت بووە. هەر ئەوەشە ئێعتیاد، خۆکوژی، فەسادیماڵیو ئەخلاقی پەرە دەستێنێ.

فەرمانداری شارەکەمان بە ناوی موجاهیدی کە تورکێکی شاهیندێژییە، خەڵکی وەزاڵە هێناوە و زوڵم و زۆری لە خەڵکی ئەو شارە دەکاو حیساب بۆ کەس ناکا. لە کۆبوونەوەکان دا دەڵێ پیاوم دەوێ من لێر دەرکا(من لەو شارە لاببا)!

هەینیی ڕابردوو ٥ی بانەمەڕ، هیندێک لە چالاکانی مەدەنیو شاخەوانی بەرنامەیەکیان ساز کردبوو کە خەڵک لەو ڕۆژەدا بە گشتی بچنە شاخی» دەڵاوان». ئەو فەرمانداره بە هۆی دەستو پێوەندەکانی ئیدارەی ئیتلاعات، پێشی پێگرتن. بەو حاڵەش خەڵک گوێیان پێ نەدانو بەرەو شاخ وەڕێ کەوتن.

**لە پیرانشارەوە: هێمن**

## تەقینەوەی مین لە ژێر پێی لاوێک دا



ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوە، لە پیرانشار مینێک لە ژێر پێی لاوێک بە ناوی محەممەد عەلی کامپیوتێر داتەقیەوە. ئەو لاوە بۆ هێنانی گیای بەهاری چووبووە قزقەپان لە نزیک سنووری حاجی عومەران. ئەو ناوچەیە کە هاتوچۆی زۆری خەڵکی لە سەرەو مینەکانی سەردەمی شەڕیشی هەر لێماون، تا ئێستا لە لایەن بەرپرسانو کاربەدەستانەوە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

**لە پیرانشارەوە: کانیەزەرد**

## بێکارکردنی کرێکارە کوردەکانی کارخانەی کاربۆنی شاری قەزوێن

کارخانەی کاربۆنی شاری قەزوێن هەڵکەوتوو لە شارەکی حەیدەرییە ، ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ بە هۆی کەمیی ئیمکاناتو نەبوونی کەرەستەی پێویست بۆبەرهەمهێنان، ١٠ کرێکاری لە کارەکەیان دەرکرد کە ٩ کەسیان کوردنو خەڵکی ناوچەی تیکابن.

ئەم کرێکارانە هەر کام ماوەی ٦ ساڵو نیویان پێشینەی کار لەم کارخانەیەدا هەبوو بەڵام بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ مافو حوقووقێک دەریان کردون.

**لە تیکابەوە: هیوا**

## کۆچکردن بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پەیداکردنی کار

پرسی بێکاریو ئیعتیاد لە نیو لاواندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەشە دەکا، کار گەیشتووەتە جێگایەک کە هەموو ڕۆژێ دەیان لاو لە مەریوانەوە دەڕۆنە هەرێمی کوردستان بۆ پەیداکردنی کار. هەر ئەو گرفتانەش بوون بە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک کێشە کە یەک لەوان بەرەوژوور چوونی تەڵاق لە نێو بنەماڵەکان دایە.

لە بارەی قەتڵەکانی ئەم دوایانەی مەریوانەوە، ئەم ڕووداوانە بوون بە هۆی ئەوە نیگەرانیو وەحشەتێکی زۆر لە نیو خەڵکدا دروست ببێ. دەنگۆی ئەوە لە نێو خەڵکدا بەهێزە کە خودی کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تاوانانەوەیە. چونکە ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا کوژراون هەموویان کەسانی ئاسایی کۆمەڵنو هیچ گرفتێکی سیاسییان نەبووە.

نەورۆزی ١٣٩٣، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ڕێگەی نەدا وەک سالانی ڕابردوو بەڕێوە بچێ، بەڵام خەلک لە دێهات و بەخشەکانی کوردستان بە گەرمی مراسمی نەورۆزیان بەڕێوە برد و لە زۆر شوێنیش سرروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستانیشیان بەکار هێنا.

**لە مەریوانەوە: سیروان**

## چۆنیەتی دەرهێنانەوەی تەرمی نەناسراوێک بووە مایەی گاڵتەی خەڵک



یەگانی ئیمدادی پیرانشارو ئاگرکوژێنەوەی ئەو شارە تەرمی کەسێکیان دیتەوە کە بە هۆی کەسانی نەناسراوەوە، کوژرابوو و تەرمەکەیان فڕێ دابووە نێو بەندی «بەلەبان». چۆنیەتیی دەرهێنانی تەرمی ئەو کوژراوە نەناسراوە بووە مایەی گاڵتەی خەڵکەکە . چونکە نە هیزی ئینتیزامیو نە ئاگرکوژێنەوە، هیچ ئیمکاناتێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم کارە نەبوو و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکە لەوە نارازی بوون کە ئەو ئیدارە و دام و دەزگایانە بۆ چی دەبێ بۆ کاری پێوەندیدار بە خەڵکەوە، ئەوەندە بێئیمکانات بن و لەم جۆرە کاتانە دا دەبێ لە مەهاباد و ورمێوە، یارمەتی بدرێن؟

**لە مەهابادەوە: مام نەبەز**

---

هەواڵ و راپۆرت

## کۆبوونەوەی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕووناکبیرانو ئەکادیمیانی کورد لە سوئێد



بەشی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سمینارێکی بە مەبەستی ڕاوێژ دەگەڵ ڕووناکبیرانو ئەکادیمیانی کورد لە سوئێد لەبارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا.

پاش نیوەرۆی ڕۆژی شەممە، ١٣ ی بانەمەڕ لەسەر بانگهێشتنی تەشکیلاتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕات بە هاوکاری کۆمیتەکانی سوئێد و ستۆکهۆڵمی حیزب سمینارێکی سیاسیی ڕاوێژکاری بە مەبەستی تاووتوێ کردنی هەلومەرجی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کەڵکوەرگرتن لە بیروڕا جیاوازەکانو؛ بەهێزتر کردنی هاوکاری و ڕاوێژی زیاتر دەگەڵ چاکالان و بژاردەکانی ئاکادیمیو سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات دەگەڵ حیزب بۆ بەهێزتر کردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هات.

لەم کۆبوونەودا کە نزیک ١٠٠ کەس دەبوون، کۆمەڵێکی بەرچاو لە شارەزایانی خوێندەواری سیاسی کورد و چەندین ئەندامی ڕێبەری حیزب و بەرپرسانی حیزبی لەدەروەی وڵات بەشدار بوون.

لەو سمینارەدا کاک سەعید بێگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبو جێگری بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات، دەگەڵ شیکردنەوەی مەبەستی حیزب لەم کۆبوونەوەو باسێک لەسەر ئێرانی دەورانی حکومەتی ڕوحانی، وادە و بەڵێنیەکانی پێش هەڵبژاردنو کردەوەکانی ئێستای حکوومەت، هەڵوێستو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات لەم بوارانەدا، هاوکاریو مەبەستەکانی حیزب بۆ هاوکاری و پشتیوانی چالاکانی خەباتکاری نێوخۆ، ڕوانگەکانی حیزب لەسەر هاوکاری و دۆستایەتی دەگەڵ ڕێکخراوەکانی پارچەکانی کوردستان، چاوەڕوانی چالاکتر بوونی بژاردەکانی کورد بۆ بەشداران دوا. پاشان بەشدارانی کۆبوونەوەکە وێڕای خۆشحاڵیان بۆ بەشداریو پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە، زۆر چالاکانە بەشداری باسەکان بوون.

روناکبیرانو ئەکادیمییەکانی بەشداری کۆبوونەوە، بە دەربڕینی ڕوانگەو بیرو بۆچوونەکانیان تیشکیان خستە سەر گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو شێوەی هاوکاری حیزبەکانو هاوفکریو پەیوەندی چالاکانە هەموو لایەک دەگەڵ یەکتر.

بەرز نرخاندنی ئەو دەست پێشخەرییەی حیزبی دێموکڕات خاڵێکی هاوبەشی زۆربەی قسەکەرانی کۆبوونەوەکە بوو کە داواکار بوون حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە بەو شێوە کۆبوونەوانە بداو هەوڵ بدا ئەم پەیوەندیە بەرینتر و کاراتر بکرێ.

لەو سمینارەدا بەشداران سەرەرای باسو تێبینیەکانیان لەسەر مەبەستەکانی کۆبوونەوەکە، هیندیک پرسیارو تێبینیان لەسەر هەڵویستو سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکرات هەبوون، کە لە کۆتاییدا، کاک سەعید بەگزادە، وێرای وەڵامو رونکردنەوەی پێویست بۆ بەشداران، کۆبەندی باسەکانی کرد.

کاک سەعید ئاماژەی بە ئەرکی بژاردەکانی کورد لە کاری فکری و سیاسی زیاتر لە بەرانبەر قەڵەمبەدەستانی لایەنگری حکومەت و مەرکەزگەرایان کرد و پێی وابوو کە روناکبیرانی کورد دەکرێ لە ئیستادا لە پێناوی بەرژەوەندی گەلەکەماندا چالاکتربن.

## دیداری کۆمیتەی ساوتهامپتۆنی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ جۆن دێنهام ئەندامی پارلمانی بریتانیا

لە دیدارو کۆبوونەوەی کومیتەی ساوتهامپتۆنی حیزبی دێموکڕاتو جۆم دێنهام، پارڵمانتاری بریتانیادا باس لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەباتو تێکۆشانیان بۆ ئازادی کرا.

ڕۆژی هەینی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٣ی هەتاوی، هەیئەتێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساوتهامپتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا سەردانی جۆن دێنهام هەڵسووڕاوی پارتی کرێکارو هاوکات نوێنەری شاری ساوتهامپتۆنو ئیتچن لە پارلەمانی بریتانیان کرد.

لەو دیدارەدا یونس موکری، ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە ساوتهامپتۆن باسی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردو وەڵامی پرسیارو سەرنجەکانی دێنهام لە سەر وەزعی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دایەوە.

هەیئەتی حیزب لەو دیدارە لیستی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ئێرانو هەروەها کۆمەڵێک دێکۆمێنتیان لەسەر مێژوو و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، جینایەتو کوشتاری خەڵکی کورد لەلایەن ڕێژیمی کوماری ئیسلامی لە سەرەتای شۆرشەوە تا ئێستا، هەروەها ڕەوشی نالەباری ئێستای سەدیقی کەبوودوند، عەدنان حەسەن پوورو برایانی کوردپوور لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوبراو داو ئەویان لە کوشتاری ڕۆژانەی کۆلبەرانی کورد لە سەر سنوورەکان ئاگادار کردەوە.



لەو چاوپێکەوتنەدا دێنهام ڕایگەیاند ئەو بەڵگەو زانیارییانە دەگەیەنێتە داگلاس ئەلێکزاندرا، وەزیری دەوڵەت لە حیزبی کرێکاری بریتانیا بۆ بە دوا داچوونو لێکۆلینەوە لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئێراندا.

شایانی باسە شاندی کۆمیتەی حیزب بۆ ئەو دیدارە لە خالید ئیسماعیل زادە، بەرپرسی کۆمیتەو حەسەن مستەفاپوورو یونس موکری ئەندامەنی کۆمیتەی حیزب پێک هاتبوو.

# یادێک لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ و شەهید سمایل شەریفزادە، هێمای هاوبەشی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و خوێندکاری

## وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کورستان کە لەلایەن بەڕێز حەسەن قادرزادە پێشکەش کرا



**بەڕێزان! ئامادە بووانی ڕێوڕەسمی یادی ٤٦ ساڵەی شەهیدبوونی سمایلی شەریفزادە!**

مێژووی خەباتی نەپساوەو بێوچانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد شایەدی بۆ دلسۆزی، ئازایەتی، لەخۆبردوویی‌و سووربوونیان لە سەر خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف‌و ئازادییەکانی ئەم گەلە زوڵملێکراوە دەدا. خەباتکارانی گەلی کورد، هیچ کەندو کۆسپێک هەنگاوی پێ شل نەکردون، مەرگ نەی ترساندون‌و لە پێناوی بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان‌دا، سەریان کردۆتە بەردەبازی ئازادی.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦-١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧-١٩٦٨)ی ڕۆڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەک لەو فەسڵە خوێناوییانەی خەباتی ئازادیخوازیی تێکۆشەرانی گەلەکەمانە کە ڕاستیی ئەم قسەی سەرەوە دەسەلمێنن.

ڕووخانی کۆماری کوردستان، شەپۆلیکی گەورە لە گرتن‌و ئێعدام‌و ئاوارە بوون‌و دەربەدەریی تێکۆشەرانی کوردی بە دواوە بوو. جارێکی دیکە دیکتاتۆری بە سەرنیشتمانەکەمان‌دا زاڵ بۆوە. لە نێوخۆی وڵات، دلسۆزان‌و نیشتمانپەروەران، لەژێر زەبرو زەنگ‌و هەڕەشەی بەکرێگیراونی ڕێژیمی شایەتی‌دا، بە سەختی دەیانتوانی لەگەڵ کەسانی جێگای متمانەی خۆیان پەیوەندی بگرن‌وکاری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی بکەن. سەردەم سەردەمی سەرکوتی هەر چەشنە جووڵە‌و چالاکییەکی سیاسیی ئازادیخوازانە بوو. بۆ ماوەی دوو دەیە، جگە لەسەردەمی پەرەگرتنی خەباتی نیشتمانی‌و دژەئیستیعماریی دوکتور موسەددیق، دەرەتانی بەرهەڵستبوونەوەیەکی جیددی بۆ خەڵک‌و هیزە خەباتگێڕەکان، بەرامبەر بە ڕێژیمی شایەتی نارەخسێ. لە نیوەڕاستەکانی دەیەی چلی هەتاوی ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی دیموکرات کە ئاوارەی باشووری کوردستان ببوون، خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەو سازماندانی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبن‌و چالاکیی سیاسی‌و تەشکیلاتی دەست پێ دەکەنەوەو ریکخراوەکانی حیزب دەبووژێننەوە. بوونی شەڕ لە نێوان شۆڕشی کوردو حکوومەتی عێراق لە لایەک و پێوەندیی ئەو شۆڕشە لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی‌و گرنگیدانی لەڕادەبەدەری بە هاوکاری‌و پشتیوانیی دەولەتی ئێران، تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەرەوڕووی هەلومەرجێکی نالەبار کردەوە. ئەوان لە باشووری کوردستان لە گەڵ گوشارو بەربەستی جۆراوجۆر و تەنانەت مەترسی‌و نائەمنی بەرەوڕوو بوون، هەر بۆیە بەشێکیان بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە نەخوازراوە بڕیاری گەڕانەوە بۆ نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەدەن. بەڵام بە زوویی دەگەڵ ڕاوەدوونان‌و پەلاماری ئەرتەشی شایەتی‌و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی بەرەڕوو دەبن‌و بەم جۆرە ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان بەسەردا دەسەپێ. شۆڕشگێڕانی بەشدار لەو ڕاپەڕینە لە سەردەمێکدا بەرەنگاری ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی ڕێژیمی شایەتیی ئێران بوونەوە، کە ئەو ڕێژیمە هەموو ئێرانی لە کۆنترۆل دابوو. شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕاپەڕینی چەکدارانەی خۆیان لە کوردستان، خەویان لە چاوی شاو دەربارو ساواک‌و ئەرتەشەکەی تاراند. ئەوان، پێیان نابووە نێو قۆناغێکی سەخت‌و دژوارو هیچ ڕێگایەکیان جگە لە خۆڕاگری‌و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربەرزانە لەگەل لەشکرکێشی‌و پەلاماری ئەرتەش‌و هێزی دژە چریکی ئەو ڕێژیمە بۆ نەمابۆوە. بۆ ماوەی ١٨ مانگ، ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ورمێ‌وە تا نزیک سەقز، بووە مەیدانی بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانی دیموکرات. ئەو شۆڕشگێڕانە لە چەندین بەرەنگاربوونەوەدا بە جۆرێک وەدەست هاتن‌و زەبریان وەشاند کە ئەرتەش‌و دام‌ودەزگای سەرکوت لە چەندشارو پادگانەوە هێزیان بۆ سەرکوتی ئەوان کۆدەکردەوە، هێلیکۆپتەریان دەناردە سەریان،گوند و مووچەو مەزرا و هەواری چەندین ناوچەیان لی دەتەنین. بەرەنگارییەکانی ئەم ١٨ مانگە، چۆنیەتیی قارەمانەتی نواندنی شۆڕشگێڕان‌و هاوکاریی خەڵکی دلسۆزو دیموکرات خۆشەویست لە گەڵ ئەوان‌و هەوڵ‌و تەقەللای ئەرتەش و ساواک بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕاپەڕینە، باسێکی تایبەت هەڵ دەگرێ کە لە م دەرفەتە کورتە دا بە داخەوە ئیمکانی نیە.

سەرەڕای ئەو نرخە گرانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سۆنگەی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەدا، ڕاپەڕینی چەکدارانەی سالەکانی ٤٧-١٣٤٦ی هەتاوی فەسڵێکی پرشنگدارە لە میژووی ئەم حیزبەو خەباتی خەڵکی کوردستان‌دا. حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و گەلی کورد بەشێکی بەرچاو لە باشترین ڕۆلەکانی خۆیان لە ڕەوتی ئەم راپەڕینەدا لە دەستدا کە وەک نموونە دەتوانین شەهیدان مەلا ڕەحیمی وردی، سولەیمان‌و عەبدوڵلا موعینی، سمایل شەریف زادە، مەلا ئاوارە، مەلا مەحموودی زەنگەنە، قادرشەریف، نەحۆی شکاک، مینەشەم، ساڵەلاجانی ناو ببەین. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی تێکەڵ بەگیانبەخشینی ئەوان، «دوورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست»ی شێواند، سەرنجی خەڵکی کوردستانی بۆ لای ژێردەستی‌و مافخوراویی خۆیان ڕاکێشاو بیری نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازی‌و بەرەنگاربوونەوەی ستەم‌و زۆرداریی لە نێو ئەوان‌دا زیندوو کردەوە. راپەڕینی ئەو بەشە لە بەڕێوەبەران‌و تێکۆشەرانی دیموکرات، سەرمایەی خەباتخوازی‌و ئەزموونی شۆڕشگێرانەی حیزبی دیموکرات‌و گەلەکەیانی دەوڵەمەند کرد. بۆ خۆشیان بوون بە ڕەمز و هێما بۆ شۆڕشگێڕی‌و خۆنەویستی‌و نیشتمانپەروەری‌و تێکۆشان.

یەکێک لەو هێمایانە، تیکۆشەری دیارو ناسراوی ئەو بزووتنەوەیە، شەهید سمایل شەریف زادەیە کە بە مەلا عزیز ناسرا بوو. سمایل شەریف زادە کە لە بنەماڵەیەکی دیارو خۆش بژیوی شاری مەهاباد لە دایک ببوو، خوێندکاری زانکۆی پۆلیتکنیکی تاران لە ڕشتەی موهەندیسی مکانیکی بوو. پێش ئەوی زانکۆ تەواو بکا، ناچاربوو زانکۆو ئێران بە جێ بێڵێ‌و ڕێگای خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەی بگرێتەبەرو تیکەل بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەرمێن بێت.

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە میژووی دامەزرانی زانکۆکان لە ئێران‌و نەخش و دەوری خوێندکارانی کوردو گەشەی بیری سیاسی‌و نەتەوەیی لە نێو خوێندکارانی کورد لەو سەردەم‌دا بدەینەوەو هەلوێستەیەک لەسەر بزاقی خوێندکاریی سەراسەری‌وکوردستانی بکەین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە بیری سیاسی‌و نەتەوەیی شەریفزادەو هاوبیرەکانی لە چ ژینگەیەکدا گەشەی کردوە. دامەزرانی زانکۆکان لە ئێران دا بۆ دەیەکانی ٢٠ی هەتاوی دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ بەسەر دامەزرانیان‌دا تێپەر دەبێ. لە کوردستان ئەم میژوویە زۆر لەوە کەمترەو لە کۆتایەکانی دەیەی چل و سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی لە شارەکانی کرماشان‌و ورمێ زانکۆ دادەمەزرێ.

لەو سەردەمەدا خوێندکارانی کورد_ سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی_ بیری ناسیونالیستی‌و نەتەوەیی ئاوێتەی گوتاری چەپ دەکەن و دەیکەن بە گوتاری خوێندکاری کورد. شەریفزادە هەر بەوەشەوە ناوەستێ‌و پێوەندی بە ڕێبەران‌و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانەوە دەگرێ‌و سەرئەنجام لە پێناوی بەشدارییەکی کاراتر لە خەباتی نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی‌دا، دەستەوە گرتوە.



**لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی‌و خەباتی نەتەوایەتی‌دا، خوێندکارانی کوردلە زانکۆکانی ئێران لە خەباتی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی‌دا پێشەنگ بوون. ٤٦سال پاش شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە، هێمای هاوبەشی هەر دووبزووتنەوەی خوێندکاری‌و نەتەوەیی، زانکۆکانی کوردستان و ئێران، سەنگەری خەبات‌و تیکۆشانی خویندکارانی کورد لە پێناوی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلەکەیان دان**

حوزووری خوێندکارانی کورد لە ناوەندە زانستییەکان‌دا لە هەرکام لە قۆناغەکان دا جیاوازە. لە دەیەکانی چل و پەنجادا حوزووری خوێندکارانی کورد لە پێشتر بەر چاوتر بووە. حوزووری ئێستای خویندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران لە گەڵ رابردووش هەر بۆ بەراوردکردن نابێ. لە سەردەمێک‌دا کە سمایل شەریفزادەو خوێندکارانی دیکەی کورد پێیان ناوەتە نێو زانکۆ، گوتاری زاڵی ئەو کات لە نێو زانکۆکان‌دا گوتارێکی چەپی‌و مارکسیستی بووە و لە ژێر کاریگەریی شۆڕشەکانی کووبا ، ڤێتنام و هتد ، دروشمی «ڕێگای رزگاریی گەلان، خەباتی چەکدارییە» باو بوو. لە ژیر ئەو فەزایەدا گیانی بەرەنگاری لە گەڵ زولم‌و سەرەڕۆیی بە شێوەی چەکدارانە پەرە دەستێنێ. ئەوەش پێچەوانەی مێژووی بزاقی خوێندکارییە کەلە زۆربەی قۆناغەکان داخوێندکاران وەک ڕەخنەگرێک دژی نەبوونی ئازادییە دیموکراتییەکان دەنگیان هەڵبڕیوە و بەرەوڕووی سیاسەت و بەرنامەکانی دەسەلاّت لە بوارەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا بوونەتەوە و وەک توێژێکی ڕووناکبیر و وشیار، ڕێبەریی نارەزایەتییەکانیان بە زانکۆ بە جێ دێڵێ‌و دەست دەداتە چەک‌و تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ. بە هۆی بەرزیی تێگەیشتنی سیاسی‌و ئەزموونی خەبات‌و تێکۆشان لە زانکۆدا، بە زوویی جێی خۆی لە نێو هاوڕێیانی‌دا دەکاتەوەو ڕۆڵێکی شوێندانەری لە ڕێکخستنەوە و بووژانەوەی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و گرتنەبەری هەڵویستی شۆڕشگێرانەدا دەبێ. کاتێکیش کە سەرەڕای نالەباریی هەلومەرجی نێوخۆی کوردستان‌و ئیران، لە گەڵ هاوڕێیان‌و هاوبیرانی‌دا ناچار دەبن بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەو جۆرەی شیاوی ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕو سیمایەکی دیار و سەرکردەیەکی بەوەجی تێکۆشەرانی دیموکراتە،کەسایەتیی خۆی‌و تواناکانی دەسەلمێنێ. هەر بۆیە شەهیدبوونەکەشی خەسارێکی گەورە بوو بۆ ئەو ڕاپەڕینەی ئەو کات.

**بەڕێزان!**

**خوێندکاران و هۆگرانی بزووتنەوەی خوێندکاری!**

**تێکۆشەرانی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێرانە!**

کۆبوونەوەی هەر دوو تەیفی ئێوە لەم مراسمە و لە ژێر چەتری حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا، شتێکی بە ڕێکەوت نیە. بە هۆی هەلومەرجی سیاسی،کۆمەلایەتی وفەرهەنگیی کوردستان‌و کاریگەری‌و پاشخانی خەباتی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورددا، بزووتنەوەی خوێندکاری‌و گوتاری خوێندکارانی کورد لە رابردوو و ئیستاش دا،گوتارێکی ئازادیخوازانەو نەتەوەییانە بووە. زانکۆ سکۆیەک بووە بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو هزری سیاسی‌و نەتەوەیی و وەک سەنگەرێک بۆ داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەکار هاتوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەموو کات خۆیان بە پشتیوانی خوێندکارانی خەباتکاری کورد وبزووتنەوەی خویندکاری لە کوردستان زانیوە. کەم نین ئەو خوێندکارە وشیارو بە هەڵوێستانەی لە زانکۆ کان‌دا خەریکی خوێندن بوون، لە سەر بیروباوەری سیاسی‌و کوردایەتی پەلکێشی زیندانەکان کراون و حوکمی درێژخایەنیان بە سەر دا سەپاوە، یا لە خوێندن بێبەش کراون‌و تەنانەت ملیان بە پەتی سێدارەوە کراوە. پێوەندی بەبزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی پێوەندی بەحیزبی دیموکراتی کوردستان و، تێکۆشان‌و خەباتی ڕاستەوخۆ لە ڕیزەکانی‌دا، هەر تایبەت بە خوێندکارانی کوردستان نەبووە. ژمارەیەک لەدیارترین مامۆستایانی کوردی زانکۆ وخاوەنانی بەرزترین بڕوانامە زانستییەکان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، کە د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی نموونە درەوشاوەکانیانن، بە شانازییەوە زانست و ئەزموونی ئەکادیمیی خۆیان خستوەتە خزمەت تێکۆشانی حیزبی دیموکرات وخەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە.

جێی خۆشحاڵییە کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی‌و خەباتی نەتەوایەتی‌دا، خوێندکارانی کوردلە زانکۆکانی ئێران لە خەباتی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی‌دا پێشەنگ بوون. ٤٦سال پاش شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە، هێمای هاوبەشی هەر دووبزووتنەوەی خوێندکاری‌و نەتەوەیی، زانکۆکانی کوردستان و ئێران، سەنگەری خەبات‌و تیکۆشانی خویندکارانی کورد لە پێناوی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلەکەیان دان. شەریفزادەو هەموو ئەو خوێندکارو مامۆستایانەی لە زانکۆوە روویان کردە خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەیان و بوون بە ئالقەی پیوەندیی زانکۆ و چیا و بزووتنەوەی خوێندکاری و نەتەوەیی، وەک هێمایەکی خۆشەویست، لە بیر و ڕوانینی خوێندکارانی کوردستان دا،جیگایان هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێزانین‌و هیواو گەشبینیەوە دەڕوانێتە خەبات‌و تێکۆشانی ئەمڕۆی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران. وەک هێزێک کە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا شانازیی تێکۆشانی خوێندکاران‌و مامۆستایانی زانکۆی لە ڕیزەکانی خۆی‌دا هەبووە، لەم بۆنەیە دا جارێکی دیکە لە سەر هاوپێوەندیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری پێ دادەگرێتەوە. هیوادارین کاری فکری‌و فەرهەنگی و زانستی لە سەر قووڵکردنەوەی هزری نەتەوەیی و بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی و داکۆکی لە ویست و داخوازە نەتەوەییەکان، هەر وا بەشێکی گرنگ لە ناسنامە و کارنامەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان بێ.

بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهید سمایل شەریف زادە و هەموو شەهیدانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-٤٧. هەروەها یادی هەموو ئەو خویندکارانە بەرز ڕادەگرین کە لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخشیوە یا تووشی بەندیخانە و ئاوارەیی بوون.

**بە هیوای هاوپێوەندیی هەر چی زیاتری بزووتنەوەی نەتەوەیی و خوێندکاری لە کوردستان.**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**
**١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٣ هەتاوی**

# جینایەتی بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤین‌و خوێندنەوەیەک بۆ مافی زیندانیان



عومەر باڵەکی

ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمسال هەواڵێک بڵاو بۆوە کە زیندانیانی سیاسی بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤین کەوتونەتە بەر لێدان‌و ئەزیەت‌وئازاری بەرپرسان‌و هێزە ئەمنییەکانی سەر بە ڕێکخراوی زیندانەکان. بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە دەنگو باسێکی زۆری چ لە نێو خۆی ئێران‌و چ لە دەرەوەی ئێران لێکەوتەوەو بنەماڵەی زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین لە بەر دەرگای زیندان‌و مەجلیسی شورای ئیسلامی‌ودەفتەری سەرکۆماری کۆبوونەوەو بە دژی ئەم کردەوەی مەئمورانی زیندان، ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. لە هەمان‌کات‌دا چالاکانی مەدەنی‌و نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران هاوخەمی‌و پشتیوانی خۆیان بۆ بنەماڵەو زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێوین دەربری. دەنگدانەوەکە بە ڕادەیەک بوو کە کاربەدەستانی زیندان‌و دەزگای دادوەری‌و تەنانەت دەوڵەتیشی وەدەنگ هێناو هەرکام لەگەل ئەوەی دەیانەویست مەسەلەکە پەردەپۆش بکەن، بەڵام لە نێو خۆیاندا لە سەر ڕووداوەکە زۆر کۆک نەبوون .

غوڵامحسێن ئیسماعیلی سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکان لە چەند لێدوانی جیاوازدا لە گەڵ چاپەمەنییەکانی نێوخۆی ئێران‌دا ئەو هەواڵەی بە ناڕاست زانی‌و گوتی: «لە پشکنینێک کە لە بەندی ٣٥٠دا کراوە هێندیک لە زیندانییەکان بەربەرەکانیان کردووەولە ژوورەکانی خۆیان نەچوونەتە دەرێ کە هاوکارانی ئێمە ئەوانیان ڕاگواستوەو لەو ڕاگواستنەدا قامکی گەورەی لاقی یەکێک لە زیندانیەکان زیانی بەر کەوتووە».

«پورمحمدی» وەزیری داد لەوتووێژێک لە گەل هەوالنێران‌دا گوتی: «تێکهەڵچون لە بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێوین ئەوەندە توند نەبووە، زۆرتر لە سەر پشکنینی ژوورەکان بووەو ئەوەش ڕەواڵێکی ئاساییە. لە دوو ژووردا لەلایەن زیندانییەکانەوە بەربەرەکانی لەگەل مەئمورین کراوە، بەڵام تێکهەڵچوونی توندی لێنەکەوتووتەوە، تەنیا یەک دووکەس لە زیندانییەکان بە سووکی بریندار بوون‌و کوتراوی بە لەشیانەوە دیارە کەسەر پێی چارەسەریان بۆ کراوەو چاک بوونەوە».

ئەو دوو لێدوانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو هەواڵە ڕاستەو زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین بەر لێدان‌و ئەزیت و ئازار کەوتوون‌و تەنانەت سەرۆکی دەزگای دادوەری ئێران «قوه قضایی» هەوڵی‌دا بە لابردنی غوڵامحسێن ئیسماعیلی لە سەرۆکایەتی ڕێکخراوی زیندانەکان‌و دانانی کەسێکی دیکە لەو پۆستە بەڵکو بتوانێ هەتا رادەیەک لە هەستیاریی ڕووداوەکە کەم بکاتەوە .

بەپێی ئاخرین ڕاپۆرتی کومیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ لە ئێستادا نزیکەی ١٥٩ کەس بەتاوانی سیاسی لە بەندی ٣٥٠ی ئێوین ڕاگیراون. ئەو کەسانە یا حوکم دراون‌و ماوەی حوکمەکەیان تێپەڕ دەکەن یا دەستبەسەر کراوی کاتین «بازداشت موقت»و چاوەڕوانی حوکمی قازی دەکەن .

ئێستا ئەگەر بە کورتییش بێ پێویستە بڵێین بەکێ دەگوترێ زیندانی‌و بە چ شوێنێک دەگوترێ زیندان؟ ئایا کەسێک کە لە سەر تاوانێک حوکمی زیندانی دەدرێتێ مافی شاروەندی‌و ئینسانی لێ‌دەستێندەرێتەوەو لەزیندان‌دا خاوەنی ماف نییە؟ بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەو بابەتە باسێک لە زیندان‌و مافەکانی زیندانی دەکەین .

زیندان لە ڕوانگەی قانوونییەوە بەو شوێنە دەگوترێ کە تاوانباری حوکم دەراوی تێ‌دا رادەگیری، بەواتایەکی دیکە کەسی سەر پێچی‌کارو تاوانبار دوای گیران‌و لێکۆلینەوەو دانی حوکم لە لایەن دادوەرەوە لە شوێنێکی تایبەت ڕادەگیرێ‌و لە خەڵکی ئاسایی جیادەکرێتەوەو ئەو شوێنە پێی دەگوترێ زیندان. کە پێوەندی زیندانی‌و زیندانوان بە قانوونێک ڕێک دەخرێ.

تاوانبار کەسێکە لە ژیانی‌دا بەهەر هۆیەک تووشی تاوان دەبێ‌و پشتی وەئەرز دەکەوێ. بەڵام بەپێی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نابێ مافی ئینسانیی ئەو پێشێل بکرێ‌و ئەوە جیا لەو سزاییە کە دەبێ لە پێناوتاوانێک‌دا کە کردوویەتی، بیکێشی.

لە یاسا نێودەوڵەتییەکان‌دا مافی شاروەندی‌و ئینسانیی کەسی زیندانی بەرەسمی ناسراوە، چونکە تاوانبار پێش ئەوە تاوان ئەنجام بدا شاروەندبووەو مافی شاروەندی هەبووە، بەڵام دوای ئەنجام‌دانی تاوان تەنیا لەسەر ئەو تاوانە سزا دەدرێ کە قانوون دەست نیشانی کردووە. ئەگەر چاو بە بەڵگەو ئەسنادی قانوونی نێونەتەوەیی‌دا بخشێنین، هیچ بەڵگەو بڕگەیەکی ئەوتۆ نیە کە ئیشارەی بەوە کردبێ کە تاوانبار مافی شاروەندی لێ‌بستێندرێتەوەو ئەوە لە پێناسەی زیندان‌وزیندانی‌دا بە ڕوونی دیارە، مەبەست لە زیندانی کردنی تاوانبارێک ئەوەیەکە ماوەی سزادانەکەی کە قانوون بۆ تاوانەکەی دیاری کردووە لەو شوێنە کە پێی دەگوترێ زیندان تێپەری بکاو دوای تەواوبوونی ماوەی سزادانەکەی، زیندانییەکە ئازاد دەبێ‌و دەگەڕێتەوە نێو کۆمەلگاو ژیانی ئاسایی خۆی درێژە پێ‌دەدا.

لێرەدا پێویستە ئیشارەیەکیش بە سزا بکەین، چونکە تاوانباروسزاو زیندان تەواکەری یەکترن‌و دەبێ تاوانێک ڕووی دابێ هەتا تاوانبارێک لە لایەن قانوونەوە سزای بۆ دیاری کرابێ‌و بۆ تێپەڕکردنی ماوەی سزاکەی دەبێ شوێنێک هەبێ کە تاوانباری تێدا ڕابگیرێ .

لەسەریەک ئەو سزایانەی وەک زیندانی بۆ کەسی تاوانبار دیاری دەکرێ دوو جۆرەن: ١- «لێئەستاندنەوەی ئازادی» ٢- «بەرتەسک کردنەوەی ئازادی». هەرسەرپێچی‌کارێک لە قانوون یا تاوانبارێک دوای ئەوی قۆناغی لێکۆلینەوەو دادگایی کردن تەواو بوو دادوەر بە پێی تاوانەکەو برگە قانوونییەکان سزای بۆدیاری دەکرێ‌وئەگەر تاوانبار سزا درابێ بۆ ماوەیەکی دیاری کراو یا حوکمی هەتاهەتایی درابێ، ئەوە عینوانی زیندانی تاوانبار بە خۆیەوە دەگری‌و لێرە دایە زیندانی بە پێی تاوان‌وحوکمێک کە دراوە لە لایەن بەڕێوەبەری زیندانەوە دەستەبەندی دەکرێن‌وشوێن‌و جێگاو ڕێگای حەوانەوانەیان پێ دەدرێ‌و لەو دەستەبەندییە دایە کە پێویستە زیندانیی سیاسی لە زیندانیانی ئاسایی جیا بکرێتەوە چونکە لەسەرەتای دەست بە سەر کردنیان هیچ تاوانێکیان لە سەر سبوت نەبووەو هەردووک لا واتا تاوانباری سیاسی‌وتاوانباری عادی خاوەنی مافی وەک یەکن‌و لە تەواوی قۆناغەکانی لێکۆلینەوەو لێپرسینەوەو ڕوون کردنەوەی تاوان «تفهیم اتهام»و بوونی پارێزەر بە یەک ئاقاردا دەڕۆن. بەڵام بەدوای دەرچوونی حوکمی دادگا هەر تاوانبارێک بە پێی ئەو تاوانەی کە کردویەتی‌و قانوون سزای بۆ دیاری کردووە لە زیندان شوێنی بۆ دیاری دەکرێ. بە واتایەکی دیکە تاوانباری سیاسی تێکەل بە تاوانبارانی ئاسایی ناکرێن. چونکە دادوەرو زیندانوانیش دەزانن ئەنگیزەو نییەتی تاوانباری سیاسی لەو کردەوەی کردوویەتی جیاوازە لە ئەنگیزەونییەتی تاوانباری ئاسایی هەر بۆیە دەبێ جیاوازی دابندرێ لە شێوەی بەڕێوەچوونی سزا، چونکە تاوانباری ئاسایی بە مەبەست‌وئیرادەی کەسی خۆی‌و بۆ ئامانجێکی خۆی کردارێکی تاوانکاری ئەنجام دەدا، بەڵام تاوانباری سیاسی لە کردەوەکەی خۆی ئامانجی گشتی‌و هەمەلایەنەی تێ‌دا دەبینی‌و تێ‌دەکۆشێ سوود بە کۆمەڵگا بگەیەنێ هەربۆیە بیروڕای گشتی بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە دەڕواننە زیندانیانی سیاسی .




**بەڵام لێرە پێویستە ئەوە وەبیربێنینەوە کە لە کاتی هاتنە پێشی جینایەتی لەو بابەتە ئەرکی خەڵک بەگشتی‌وئەرکی چالاکانی مەدەنییە کە بەهەر شێوەیەک کە لەدەستیان دێ، پشتیوانی لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بکەن، چونکە هەر ئەو ناڕەزایتیانەی کەلەسەر ئەو ڕووداوەی بەندی ٣٥٠ی ئێوین کران ئەوەی سەلماندکە دەسەلاتداران لە بەرابەرناڕەزایەتی خەڵکدا پاشەکشە دەکەن**

بەڵام لەسەریەک هەر وەکی لە سەرەوە باسمان کرد زیندانی مافی هەیەو ئەو مافانە بە قانوون دەست نیشان کراون‌و لەسەر بەڕێوەبەرانی زیندانە کە ئەو مافانە بپارێزن. هەر لەوپێوەندیەدا هەم یاساورێسا نێونەتەوەییەکان‌وهەم قانوونە نێوخۆیەکان لە زۆربەی وڵاتان بایەخی تایبەتیان داوە بەو مەسەلەیە. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر دەتوانین چەند نموونەیک لە خوارەوە باس بکەین:

– بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەڵی: «هەمووتاکێک مافی ژیان، ئازادی‌و ئەمنییەتی کەسی هەیە».

– «نابێ هیچ کەس ئەزیت‌و ئازار یا سزا بدرێ، یا کردارێکی زاڵمانەی بەرامبەر بکرێ کە دوور بێ لە ئینسانیت‌و ویژدانی مرۆڤایەتی».

– «نابێ لە خۆڕاکەس دەست بەسەر بکرێ یا زیندانی‌و دوور بخریتەوە».

لەیاسای بنەڕەتی ئێران‌دا لە ئەسڵی ٣٩دا بەو شێوە باس لەمافی زیندانی دەکا: «بێ‌حورمەتی‌و سووکایەتی بەکەسایەتی کەسێک کە بە حوکمی قانوون گیراوەو دەستبەسەر کراوە زیندانیە یا دوور خراوەتەوە لە هەر حالەتێک‌دا قەدەغەیە.»

لە ئایین‌نامەی بەڕێوەبەریی زیندانەکان‌دا هاتووە کە زیندانی مافی هەیەو دەبێ لەو مافە کەڵک وەربگرێ‌و لەسەر بەڕێوەبەرانە کەمافی زیندانیان بپارێزن. چەند مادەیەک لە ئایین‌نامەی ڕێکخراوی زیندانەکان وەک نموونە لە خوارەوە باس دەکەین :

– مادەی١١٣ «زیندانی مافی ئەوەی هەیە هەرکاتێک توشی نەخۆشی بوو دەستی بە دوکتور ڕابگاو چارەسەری پێویستی بۆ بکرێ .»

– مادەی ١٠٥ «شوینی زیندانی دەبێ خاوێن بێ ولانیکەم مانگی جاریک بە دەرمان بشۆردرێتەوە وپاک بکریتەوە».

– مادەی ١١٥ «ئەگەر دوکتوری نەخۆشخانەی زیندان بۆی دەرکەوت کە پێویستە زیندانی لە نەخۆشخانە بخەوێندرێ ڕێگری لەزیندانی ناکری».

ئەوە چەندنموویەک بوون سەبارەت بە هەلومەرجی ساغوسڵامەتی زیندانی لەبواری لەش ساغییەوە. لەبواری ڕەوانیشەوە، ئایین‌نامەکە ئەزیت‌وئازاری زیندانی قەدەغە کردوە . مادەی ١٦٩بەو جۆرە باسی قەدەغەکردنی توندوتیژی دەکا: «تووڕەوتوسنی، جنێودان، بەکارهێنانی وشەی ڕووشێنەر یا سزای جەستەیی تاوانباران‌وحوکم دەراوان‌و بەکارهێنانی کردەوەی توندوتیژوبێ ئەدەبانەو کۆڵەمەرکی لە تەواوی دام‌ودەزگاکان‌وزیندان‌دا قەدەغەیە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی کە خۆی داریژەری ئەو ئایین‌نامەیەو پارێزەری یاسای بنەڕەتی ئێرانە لەئاست جینایەتی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین بەوشێوەیە هەڵسوکەوتی کرد؟ ئەگەر بمانهەوێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا برۆین لەڕاستی‌دا زۆر تووشی زەحمەت نابین، چونکە ئەزیت‌وئازاری جیابیران لە ماهییەت‌وسروشتی کۆماری ئیسلامی دایە. بەڵام لێرە پێویستە ئەوە وەبیربێنینەوە کە لە کاتی هاتنە پێشی ڕووداوی لەو بابەتە ئەرکی خەڵک بەگشتی‌وئەرکی چالاکانی مەدەنییە کە بەهەر شێوەیەک کە لەدەستیان دێ، پشتیوانی لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بکەن، چونکە هەر ئەو ناڕەزایتیانەی کەلەسەر ئەو ڕووداوەی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین کران ئەوەی سەلماندکە دەسەلاتداران لە بەرابەرناڕەزایەتی خەڵکدا پاشەکشە دەکەن .



کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی «آزاد»ی تاران دژی ئازاردانی زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێوین

# ساڵی ٢٠١٣، خراپترین ساڵ بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان



تەهای ڕەحیمی

لەم جیهانە ئاڵۆزەو بەربڵاوەدا، کە باو باوی ئازادیو داکۆکیکردن لە خەباتگێڕانی گەشەی ئازادیو ویستو ئیرادەو ئاشکراکردنی ڕاستییەکانە، ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ وەک ڕۆژی «جیهانیی ئازادیی ڕاگەیاندن» ناودێر کراوە. دیارە ئەگەرچی بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆژە پیرۆزە ناونراوەکانی دیکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەم ڕۆژەدا نەک هیچ جێژنو یادو ڕێوڕەسمێک ناگیرێ، بەڵکو ئەم ڕۆژە دەرخەری ئازارو ئەزیێتی دوانەهاتووی سەر ئەم توێژە بەرپرسیارەی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە. لەم ڕۆژەدا دەگەڵ ڕێزگرتن لە خەباتو فیداکارییو هەموو تاڵو سوێرچێشتووەکانی ڕۆژنامەنووسان، بینەری تۆمارێکی لەبراننەهاتووی چەوساندنەوەو کپکردنی هاوارو دەنگی ڕۆژنامەنووسانین. ئاماری ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکانی ساڵی ڕابردوو، زیندانیکرانو دەرکردنو دوورخستنەوەو نان بڕینو تەرکەنیشتمان بوونو بە گشتی هەموو تەنگو چەڵەمەکانی سەر ڕێگەی خەباتی ئەم توێژە لەم ڕۆژەدا لە لایەن ناوەندە جیهانییەکانەوە بڵاوە دەکرێتەوەو دەخرێتە بەرچاویو بیروڕای گشتی. لەم نێوەشدا ئەم وڵاتو ناوچانە دەستنیشان دەکرێن کە زیاتر لە هەموو لایەک ئازاری ئەم توێژەیان داوەو شوێنێکی نائەمنن بۆ کارکردنی ڕۆژنامەنووسان.

میدیاو ڕاگەیەنە گشتییەکان بە کۆڵەکەی چوارەمی دیمۆکراسی دێنە ئەژمار، واتە ئەگەر وڵاتێک بەپێی قانوونو سیستمێکی دیمۆکراسی بەڕێوە بچێو، تەنانەت بناغەی جیابوونی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری، قانوونداناںو دادوەری تێدا ڕەچاو کرابێ، بەبێ بوونی میدیای ئازادو سەربەخۆ ئەم دەسەڵاتو کیانە ناچێتە چوارچێوەی پێناسەی خەڵکسالارییەوە. هەروەک ڕوونو ئاشکرایە میدیای ئازاد لە دانی هەواڵو زانیاری گەیاندن، ڕۆڵێکی ئێجگار بەرزیان لە گەشەپێدانی بیری مرۆییو بەرەوپێش بردنی کۆمەڵی مرۆیی هەیەو، دەستوەرنەدانو نەبوونی سانسۆری دەوڵەتی دەسەڵات، خولقانی دەرفەتێکە بۆ هاووڵاتییانو هاونیشتمانان تا بتوانن لە ڕێگەی دەربڕینی ئازادانەو بێترسو بێ لەمپەڕ بە هونەر، ئەدەبیات، موسیقی، فەلسەفەو لکو پۆپەکانی دیکەی زانستی بەهرەکانی خۆیان پێبگەیەننو خەزێنەی زانستە دوانەهاتووەکانی مرۆڤ قورستر بکەن. تا لەم ڕێگەوە مرۆڤ بەرەو ماریفەتی زیاترو ژیانی گونجاوتر هەنگاو شل نەکاتەوە. کەواتە ئازادی چەکی گەیشتن بە زۆربەی هەرە زۆری ئاواتەکانو پێویستییەکانی ژیانی مرۆییە، کە دەبێ بە کاناڵیزەی دروست ڕێچکەی سەرکەوتنی پێ بپێودرێ.

دیسان ئێرانی دەسەڵات سەدە ناقینی ناوی لە نێو ناوانی دژە ئەم مافە دایەو، تەنانەت یەکێکە لەو وڵاتانەی ساڵانە ڕۆژنامەنووسان تێیدا بە هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەو سڕینەوە، توندوتیژییان لەگەڵ دەنوێندرێ. دیارە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە بەرەی دژایەتیی ئازادییەکان جا هەر جۆرە ئازادییەکدا نەبێ جێگەی سەرسووڕمانە، کەواتە سەیر نییە کە ساڵانە ناوی ئێران لە پلەکانی یەک تا سێی دژبەرانی ئازادی ڕۆژنامەنووسیدا دەدرەوشێتەوە.

بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاریو ئازایەتیی ڕۆژنامەنووسە چاونەترسەکانی جیهان، ئەمساڵ ڕێکخراوی هەواڵنێرانی





بێسنوور لە ژێر بابەتی «سەت پاڵەوانی بواری ڕاگەیاندن» دا ناوی سەت ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژی ئازادی جیهانی ئازادی ڕاگەیاندندا بڵاو کردوە، کە ناوی چوار ڕۆژنامەنووسی ئێرانییان تێدا دەبینرێ. عەدنان حەسەنپوور، سەعید مەتینپوور، ژیلا بەنییەعقوبو سیامەک قادری ئەم چوار ڕۆژنامەنووسە دەسبەسەرکراوەن، کە چالاکییە «نەترسانە»کەیان لە لیستی بڵاوکراوەکەی هەواڵنێرانی بێسنووردا، ڕەنگی داوەتەوە.

عەدنان حەسەنپوور، ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی ڕاگیراوی کوردی- فارسی «ئاسۆ»، کە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٥ گیراوەو ساڵی ٨٦ بە تۆمەتی «چالاکی دژی تەناهی نەتەوەیی، سیخۆڕیو هەڵگەڕانەوە لە خوا» ئێعدامی بۆ دەرچوو. دیارە پاشان دوای بێنەو بەرەیەکی زۆرو ناڕەزایەتیو خۆپێشاندانی چالاکانی دەرەوەی وڵات بە ١٥ ساڵ زیندانی حوکم درا.

سەعید مەتینپوور، ڕۆژنامەنووسو ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی ئازەری زمانی «یارپاق» هەشت ساڵ (حکم تعزیری) دەبێ، کە ساڵی ٨٦ بۆ ماوەیەکی کاتی ئازاد دەکرێ و دواتر ساڵی ٨٨ دیسان دەیگرنەوەو ئێستا لە گرتووخانەی ئێڤینە.

سیامەک قادری ڕۆژنامەنووسو وێبلاگنووس، زستانی ٨٩ دوای دەرکرانی لە ئاژانسی کۆماری ئیسلامی، «ئیرنا» بە تاوانی بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە لە وێبلاگەکەی خۆیدا بە چوار ساڵ زیندانی و ٦٠ زەربە قەمچی حوکم دەدرێ.

ژیلا بەنییەعقوب، ڕۆژنامەنووسو سەرنووسەری وێبسایتی «کانون زنان ایران»یش ساڵ ٨٩ بە تاوانی «پڕۆپاگەندەی دژی نیزامو سووکایەتیکردن بە سەرکۆماربە چەند ساڵ زیندانو ٣٠ ساڵ بێبەش بوون لە کاری ڕۆژنامەنووسی حوکم دەدرێ، کە دیار ئێستاکە سزاکەی کێشاوەو هەموو چەشنە کارێکی ڕۆژنامەیی لێ قەدەخەیە.


ئەمانە چەند نموونەیەکی زۆر کەمن لەو هەمووە کارە نابەجێ و دژە مرۆییانەی کە سیستمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی دەکا. ئاماری بەرزی هەڵاتنی چالاکانو ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی ئێرانی بە هەموو نەتەوەکانەوە نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی کەسانێکی ناوێ، بەبێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتبەدەستەکانی قامک لە ئاو ڕۆکەنو، ئازادیو سەربەرزی تەنیا لە ڕوانگەیەکەوە دروستە کە خۆیان پێناسەیان کردووە. هەر بۆیە شان بە شانی وڵاتانی وەک تورکیەو چین هەمیشە گەورەترین زیندان بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان، کە دیارە گەورەترین زیندانیشە بۆ زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی خۆشی.

لە کاتێکدا کە چاوەڕوان دەکرێ دۆخو ڕەوشی ئازادیو چاوکراوەیی لە جیهاندا بەرەو پێش بچێو گەشە بستێنی، بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی کۆمیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان، وا دیارە هەر دەبێ بگوترێ هەر ئەمساڵ خۆزگە بە پاڕ. چونکە ئامارەکان نیشان دەدەن لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا ٢١١ ڕۆژنامەنووس لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بەهۆی بەجێگەیاندنی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی تووشی گیرانو ئازاردان هاتوون. بە وتەی ئەم کۆمیتەیە، ساڵی ٢٠١٣ی زایینی خراپترین ساڵ بووە بۆ ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا.

هەر لە بەرەبەری ئەم یادەداو ماوەیەک پێشتر دەوڵەتە میانەڕەوکەی حەسەن ڕووحانی دەستی کرد بە داخستنو گرتنی چەندین ڕۆژنامەنووس و، بەمجۆرە ڕووخساری مێهرەبانانەی ئەم دەوڵەتەش تاڕادەیەک بۆ توێژی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی دەرکەوت.

---

# هێرش بۆ سەر زیندانیانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا یەکەم پێشێلکاری نیەو دوایینیش نابێ!



ڕێبوار مەعرووفزادە

لە ڕۆژی ٢٨ خاکەلێوە هێزەکانی ڕێژیم هەڵیانکوتایە سەر زیندانیانی بەندی ٣٥٠ ئەڤینو وێڕای لێدانو بێحورمەتی کردن بەو کەسانە، ژمارەیەکیان بۆ بەندی ٢٤٠و ژمارەیەکی دیکەشیان بۆ زیندانی تاکەکەسی گواستەوە. هۆکاری ئەو هێرشە زۆر روون نیە، بەڵام کێشەکانی دەوڵەت لەگەڵ وەزارەتی دادوەریو وەزارەتی ئیتتلاعات دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانە بێ. ئەو هێرشە، ناڕەزایەتی بەشێک لە بنەماڵەی ئەو زیندانیانە لێکەوتەوەو ئەوان لە ڕۆژی سێشەممە ٢ی بانەمەڕی ١٣٩٣ لە پێش دەفتەری سەرۆک کۆماری کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیان پێک هێنا. ئەو هێرشە لە چەند ڕوویەکەوە جێی سرنجە.

### زیندان شوێنی سەرکوتی چەند قات

هەرچەند کۆماری ئیسلامی خاوەنی یاسایەکی دیمۆکراتیکو دادپەروەر نیە بەڵام خودی ئەو یاسا خراپانەش دەرهەق بە زیندانیان بەڕێوە نابات. زۆرێک لە زیندانیانی سیاسی لە مافی تەلەفون کردن، مەرەخەسی، مافی هەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکیو خواردنی تەندروست بێبەشن. هەروەها زیندان لە ساڵەکانی ڕابردوودا شوێنی سەرکوتی زیاترو بگرە شوێنی کوشتنی چالاکانی مەدەنیو سیاسی بووە. لە دەیەی ٦٠دا هەزاران زیندانی سیاسی بەشێوەی ڕەشەکوژیو نایاسایی کوژران. لە دەورانی ئەحمەدینیژاد بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٨٨ کە ژمارەیەکی زۆر چالاکی سیاسی-مەدەنی بە هۆی ناڕەزایەتی دژی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆمار، هێندێکیان بە هۆی ئەشکەنجە گیانیان لە دەست دا. ئومیدڕەزا میرسەیفی ئەو وێبلاگنووسە بوو کە لە ساڵی ١٣٨٧ لە زیندانی ئێڤین گیانی لە دەست دا، سەتاری بەهەشتیش وێبلاگنووسێکی دیکە کە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەتی ١٣٩١ بە هۆی ئەشکەنجە لە بەندی ٣٥٠ی ئێڤین گیانی لە دەست دا. لە زیندانی کەهریزەکی کەرەجیش پێنج کەس گیانیان لە دەست دا. هیچ یەک لەو تاوانانە بەدواداچوونی بۆ نەکراو تەنانەت کەسانی تاوانبار وەک قازی مورتەزەوی، کە لە دەورانی ئەحمەدینیژاد دادستانی تاران بوو، پۆستی باشتری وەرگرت.

### کاردانەوە لەهەمبەر هێرش بۆ سەر زیندانیان

لە ماڵپەڕوو میدیاکان بابەتی هێرش بۆ سەر زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین بڵاو بووە، بەڵام ئەوەی ئەو ناڕەزایەتییانەی بەرجەستە کردەوە، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کۆمەڵێک لە بنەماڵەی ئەو زیندانیانە لەبەردەم دەفتەری سەرۆک کۆماری لە تاران بوو. لەو دیدارەدا نوێنەری ڕوحانی بەڵێنێکی دیکەی بە بەڵێنەکانی دیکە زیاد کردو قەولی بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ئەو زیندانیانەی دا. بەشێک لە داواکاری ئەو بنەماڵانە ئەوە بوو کە ئەو زیندانیانەی بۆ بەندی ٢٤٠ ڕاگواستراون بۆ بەندی ٣٥٠ بگەڕێنرێنەوەو دوکتورێک کە ئەوان متمانەیان پێی بێ چاوی بەو زیندانیانە بکەوێ. بنەماڵەی ئەو زیندانیانە هەروەها پێوەندیان بە هێندێک لە پارلمانتارانی شوورای ئیسلامی گرت



کە ئەوانیش بە سەر دوو دەستەدا دابەش بوون. دەستەیەک کە وەک هەمیشە لە پلەی یەکەمدا هەر بوونی زیندانی سیاسی ڕەت دەکەنەوەو لە پلەی دووهەمیشدا لێدانو هێرش بۆ سەر ئەو زیندانیانەیان ڕەت کردەوە. بەڵام بەشێک لە نوێنەرانیش وەک عەلی موتەهەریو هەروەها عەبدولکەریمی حوسێنزادە نوێنەری شنۆ-نەغەدە داوایان لە وەزیری دادوەری کرد لەو پێوەندییەدا لێپرسینەوە بکاو پارلمان لە چۆنییەتی ئەو ڕووداوە ئاگادار بکاتەوە. هەرچەند بە کردەوە پارلمانو دەوڵەت توانای سزادانو لێپرسینەوە لە کەسانێک وەک غولامحوسێن ئیسماعیلی، کە لە کاتی هێرشەکە بەرپرسی ڕێکخراوی زیندانەکانو ئێستا سەرۆکی دادوەری پارێزگای تارانە نیە، بەڵام ئەوان دەتوانن گوشاری میدیایی دروست بکەنو ئەوە لە سەر بارودۆخی زیندانییان کاریگەری دەبێ.

### هەلوێستی چالاکانی مەدەنی کورد لەهەمبەر هێرش بۆ سەر زیندانیان

هەرچەند کە ژمارەیەک لە زیندانیانی بەندی ٣٥٠ کورد نو هەروەها محەممەد سدیقی کەبودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لەو بەندەدا بوو و لەو هێرشەدا بریندار بووە، بەڵام بنەماڵە، بەرەی یەکگرتووی کوردو ڕیفۆرمخوازەکان، چالانی مەدەنیو سیاسی کورد چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات کاردانەوەو ناڕەزایەتی پێویستیان لەو پێوەندییەدا نەنواند. نە خەڵک داوای لە پارلمانتارانی کورد کرد کە بەدواداچوون بۆ ئەو زیندانیانە بکەنو نە ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێ هێنا. تەنیا عەبدولکەریمی حوسێنزادە ئەویش لە چوارچێوەی بوێری نوێنەرانێکی دیکە وەک عەلی موتەهەری دەنگیان بەرز کردەوە. ئەوە کە کوردەکان لە لایەک کەبودوەندیان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل کاندید کردوەو لە لایەکی دیکە بەنیسبەت لێدان و برینداربوونی بێ دەنگیان کرد، ئەوە ئەو چیرۆکە تاڵەی «خەباتی ناهاوسەنگی» کوردە. لە خەباتەکەیدا دەیهەوێ هەمووی یاسای ئێران دیمۆکراتیک بێو تەنانەت ڕێژیمیش نەمێنێ، هەروەها لە کاتی ڕەخنەگرتن لە ناوبراو، بە هۆی جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانی، زۆر بە نەوێریو بە پارێزەوە دەردەکەون.

بە گشتی چەندین پەروەندەی پێشلکردنو بگرە کوشتنی زیندانیانی سیاسی لە نێو کۆماری ئیسلامیدا هەبووە کە تاوانبارەکانیان دەستبەسەر نەکرانو هێرش بۆ سەر زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین یەکەم پێشلکاری نیەو دوایینیش نابێ. بەڵام گوشارهێنان دەتوان ڕادەی ئەو توندڕەویو پێشلکارییە کەم بکاتەوە. لە لایەکی دیکە ئەو چالاکانەی کە لە زیندان دان بە بەراورد بەو خەڵکەی کە ئازادن، تێچوویەکی یەکجار زۆرتریان داوە. ئەگەر ئەوەندەی ئەوان خۆڕاگریان نیشان داوە چالاکانێکیش کە ئازادن بوێریو دلسۆزی بنوێنن خەباتێکی هاوسەنگترمان دەبێ.

# دژایەتی لەگەڵ خوێندن بە زمانی زگماکی لەباری زانستیو لۆژیکییەوە بێبەهایە

## (لە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئاغای ئێحسان هوشمەنددا)

١_٢



**مستەفامەعرووفی**

مانگنامەی «مهرنامە» لە ژمارە ٣٤ی تایبەتنامەی نەورۆزیی خۆی (نەورۆزی ١٣٩٣)دا، گفتوگۆی ئاغای مەتین غەففاریانی لەگەڵ ئیحسان هوشمەند بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا باس لە بابەتە پێوەندیدارەکانی تایبەت بە زمانە جۆراوجۆرەکانی ئێرانو گەلاڵەی فێرکاریی ئەو زمانانە لە قوتابخانەکان کراوە. هەر ئەم وتووێژە لە ماڵپەڕی «جرس»یشدا بڵاوبۆتەوە. ئیحسانی هوشمەند کە وادیارە خوێندنی لە ڕشتەی کۆمەڵناسی تەواو کردووە جاروبار قسە لە بابەتگەلێکی دیکەی وەک زمانو زمانناسییش دەکا. خستنەڕووی بابەتی خوێندنی زمانی زگماکی کە لە بەرنامەی ململانێیەکانی پڕوپاگەندەی سەرۆک کۆماریی لەلایەن ئاغای ڕووحانی، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێرانەوە خراوەتەڕوو، بابەتی سەرەکی گفتوگۆی مەتین غەففاریان و ناوبراوە. گەلاڵەی فێرکردنی زمانە زگماکییەکانو یەک لەوان زمانی کوردی ـ هەرچەند لە ڕادەی قەول و بەڵێنەکان تێناپەڕێ ـ بە چەشنێک ئاغای هوشمەندی شپرزە کردووە کە بە شێوازو خوێندنەوەی ڕەزاخانیو شێوەی ئاتاتۆرکانە لەمەڕ فرەچەشنیی زمانیو کولتووریی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێی ئێران بدوێ. ئێستا با چاوێک بە کەڵکەڵەو نیگەرانییەکانی ناوبراو لەپێوەندیی لەگەڵ ئەو بابەتانەو هەروەها ڕوانگە و بۆچوونەکانیدا بخشێنینو بزانین ئەو بابەتانەی کە ئەو دەری بڕیون تا چەند لەگەڵ ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کوردو زمانی کوردیو باسو بابەتەکانی زمانناسیی دەگونجێنو با لەوە حاڵی بین کە ئەم شێوە ڕوانینە بیرتەسکانەو وەها حاشالێکردنو ڕوانگەیەکی فاشیستییانە ـ ئەویش لەلایەن کوردێک بە دژی نەتەوەو زمانی کوردی ـ هۆیەکەی چییە؟

> **وەک بڵێی ئاغای هوشمەند لەم دواییانەدا شارەزای ئەو بەڵگەهێنانەوەو ئەدەبیاتە کاڵبۆوەیەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە کۆنەوە بووە کە هەرکات نەتەوەیەک لە نەتەوە ژێر ستەمەکان، توێژێک یان سینفێک یان هەر کەسێک لە ئێران باسی ئازادی یان مافەکانی خۆی بکا، ئەوە بە ئاکامی پیلانو تەونوبەستی بێگانەکان ئەژمار دەکەن. ئەوانەی ئەم جۆرە تێزانە دێننەوە دەزانن کە بە چ شێوەیەک بیانوو بێننەوە بۆ ئەوەی لە وڵامدانەوە بە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێرانو توێژە جۆراوجۆرەکان خۆببوێرن،**

ئاغای هوشمەند لە وەڵامی یەکەمین پرسیار ئاماژە بە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەکاو دەڵێ: ***«سەبارەت بە زمانە قەومییەکانو ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئەگەر سەیری شیکراوەی باسەکانی یاسای بنەڕەتی بکەن، دەزانن کە مەبەست لە قەومەکان لەم زاراوەیەدا زمانی کەمایەتییە ئایینییەکان ـ کۆمەڵەکانی ئەرمەنی، کلیمی، کلدانی، ئاشووری ـ یە. کەواتە، بابەتی زمانە قەومییەکان لە ئێراندا پێشتر چارەسەر کراوە چونکە زمانە قەومییەکان لە قوتابخانەکانی ئەم ئایینانەو گرووپگەلە کۆمەڵایەتییانە دەگوترێتەوە.»***

بێجگە لەو چەند وتەیەی ناوبراو، لە هەر شوێنێک کە وشەی «قەوم» لەم وتووێژەدا هاتۆتە گۆڕێ لەجێگەی «نەتەوە» بەکار هاتوە، نەک بە واتای کەمایەتیی ئایینی، بەڵام ناوبراو کە لە بنەڕەتدا کارەکەی لەسەر ئەوە هەڵچنیوە نەتەوەی کورد لە خێروبێری ماددەی ١٥ چیی پێنەبڕێ، لەوپێوەندییەدا «قەوم»ی بە واتای کەمایەتیی ئایینی داناوە.

جێگەی تێرامانو هەروەها سەرسوڕمانە سەرەڕای ئەوەی ئەم ماددەیە لە یاسای بنەڕەتی، خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێرانی بە شێوەیەکی بنەڕەتیو بە واتای ڕاستەقینەی خۆی چارەسەر نەکردوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکی وەک ئاغای هوشمەندی بەو قەناعەتە گەیاندوە وا بزانن کە: «سەرنجدان بە زمانە ناوچەییەکان نیگەرانی لێکەوتۆتەوە». ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی چیە، گەرەنتیی کام مافانە بۆ نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران دەکا کە لە ئەگەری جێبەجێکردنیاندا بە قسەی ئەم جۆرە کەسانە، هاوپێوەندیی فەرهەنگیی ئێرانییەکان بە با دەچێ؟! دەقی ئەو ماددەیە لێرەدا وەک خۆی دێنینەوە: «زمان و خەتی ڕەسمیو هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە و نووسراوەو دەقە فەرمییەکانو کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەم زمانو خەتە بێ بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانە ناوچەییو قەومییەکان لە چاپەمەنیو ڕاگەیەنە گشتییەکانو وتنەوەی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانەکان لە پەنا زمانی فارسی ئازادە».

سەبارەت بەم ماددەیە خستنەڕووی چەند خاڵێک بە پێویست دەزانم: پێش هەر شتێک، زمانی فارسی و ڕەسمولخەتی فارسی دوو شتی جیان، بوونی زمانی فارسی بە مانای ئەوەیە حەتمەن خەتی فارسییش هەیە خەتی فارسی، خەتێکە کە عەرەبەکانو گشت نەتەوە موسوڵمانەکان بۆ نووسینی زمانی خۆیان بەکاری دێنن، ئەو خەتە خەتی ئارامییەو لە زمانی نووسینی فارسیشدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. دووەم ئەوەکە، بەپێی ئەو ماددەیە کەڵک وەرگرتن لە زمانە «ناوچەیی»و «قەوم»ییەکان لە چاپەمەنیو ڕاگەیەنە گشتییەکاندا ئازادە، وتنەوەی ئەدەبیانی ئەوان (نەک زمانەکەیان)، ئەویش «لە پەنا زمانی فارسی» ئازادە. کەوایە لە هیچ شوێنێکی یاسای بنەڕەتی شتێک بە ناوی «وتنەوەی زمانە ناوچەییو قەوم»ییەکان بوونی نیە. بەوحاڵەش کەسانێکی وەک ئاغای هوشمەند ئاوا بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانن.

ئاغای هوشمەند تەنانەت سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەکانیش بۆ باسکردنی زمانی کوردیی خۆی، هۆشێکی زۆری بەکار نەهێناوە: زاراوەی «زمانی ناوچەیی». لەوەدا کە هەر زمانێک لە ناوچەیەک لە دنیا کەڵکی لێوەردەگیرێ، هیچ گومان نیەو بۆ قسە لەسەرکردن نابێ. کەوایە هەر زمانێک، زمانێکی ناوچەییە. بەڵام دەزانین کە ئەم زاراوەیە بۆ بچووک نیشاندان یان بۆ بەراوردکردنی «اصل» لەگەڵ «فرع» بەکار دەهێنرێ. زمانی ناوچەیی لەگەڵ ئەوەشدا واتایەکی دیکەش لەخۆ دەگرێ، ئەویش بریتییە لە شێوەزارێک لە زمانێک یان بەشە کۆمەڵەیەک (زیر مجموعە)یەک لە زمانێک کە لە درێژەدا ئاماژەی پێدەکەم. داخوا ئاغای هوشمەند نازانێ کە زمانی کوردی لە ئێراندا تەنیا بەشێک لە زمانی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆن کەسی لە سەرانسەری دنیادایە؟ وای دابنێین مەبەست لە زمانی کوردی تەنیا زمانی کوردی لە ئێرانییە، لەگەڵ ئەوەشدا وەها دادوەریکردنێک لەبارەیەوە لەباری زمانناسی بێ بەهایە. هەموو ئەو پێناسەو تایبەتمەندییانەی کە زمانناسیو زمانناسان لەبارەی زمان خستوویانەتە ڕوو، لەبارەی زمانی کوردییشدا ڕاست دەردەچن، لەپێوەندیی لەگەڵ زمانی فارسییش هەر وایە. کەوایە ئەگەر ڕوانگەیەکی سیاسی یان چەشنێک ڕوانینی تایبەتی سیاسیی لەگۆڕیدا نیە، خێرە کە زمانێک بە سەرەکیو زمانێک بە لاوەکی لەقەڵەم بدرێ؟ ئاغای هوشمەند کە لافی ئەوە لێدەدا ٦٠٠ توێژینەوەی تاوتوێ کردووەو هیچیشیانی قبووڵ نیە! داخوا بە چاوێکی کارناسانە لە پێناسەو تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕوانیوە؟

ئاغای هوشمەند گرنگیدان بە زمانە ناوچەییەکان بە دەرەنجامی دوو فاکتەری سەرەکی دەزانێ: یەکەم «هەوڵی هێندێک لە وڵاتانی ناوچەییو بان ناوچەیی بۆ کاریگەریی دانان لەسەر بابەتە کولتووری، زمانی و قەومییەکان ...» و دووەم ڕووداوە خوێناوییەکانی «سەردەمی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان یان کۆماری مەهاباد» لە پێش شۆڕشی ئێرانو « زاڵبوونی ڕوانگەی چەپگەرایانەو مارکسیستیو هێژموونیی گرووپە چەکدارە چەپەکان لەو ناوچانە» دوای شۆڕش. لەم بابەتەشیاندا ناوبراو لە دانانو هێنانی ناوەکاندا تووشی کێشە بووە، چونکە لە تەواوی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان ـ کە بە خۆشییەوە بەشێکی زۆریان ماونەتەوە. بە ناوونیشانی «کۆماری کوردستان» ناوی هاتووە نەک «کۆماری مەهاباد». ئاغای هوشمەند ڕاستییەکانی دیکەشی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تێکەڵاو کردوە. ڕەوتی چەپخوازانە لە کوردستان لەباری ئایدۆلۆژیکییەوە ڕەوتێکی مائۆئیستی بوو کە بەشێک لە ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان بوو و، بەشە زۆرەکە ڕەوتی نەتەوەییو دێموکراتیکی کورد بوو نەک مارکسیستی، جەریانی مارکسیستی هەر ئەوە بوو کە پشتیوانیی لە کۆماری ئیسلامی دەکرد بەو ئیستدلالە کە دژی ئیمپریالیزمە.

وەک بڵێی ئاغای هوشمەند لەم دواییانەدا شارەزای ئەو بەڵگەهێنانەوەو ئەدەبیاتە کاڵبۆوەیەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە کۆنەوە بووە کە هەرکات نەتەوەیەک لە نەتەوە ژێر ستەمەکان، توێژێک یان سینفێک یان هەر کەسێک لە ئێران باسی ئازادی یان مافەکانی خۆی بکا، ئەوە بە ئاکامی پیلانو تەونوبەستی بێگانەکان ئەژمار دەکەن. ئەوانەی ئەم جۆرە تێزانە دێننەوە دەزانن کە بە چ شێوەیەک بیانوو بێننەوە بۆ ئەوەی لە وڵامدانەوە بە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێرانو توێژە جۆراوجۆرەکان خۆببوێرن، بەڵام بۆ خەڵک کە گوێیان بەو جۆرە بڕ و بیانووە ڕووکەشانە پڕ بووە، لەوانەیە لە بابەتگەلێکی بێزراو و بێزارکەر شتێک زیاتر نەبن.

سەرنج بدەن، باس لەسەر وتنەوەو خوێندنی زمانە «ناوچەیی»یەکان، کە زمانی کوردییش یەکێک لەوانە، تا چ ڕادەیەک ئەم ڕۆڵە کوردەی تووشی پەرێشانیو شپرزەیی کردوە: ***«ئەگەر بڕیار بێ ئەم زمانانە بگوترێنەوە و لە ناوەندەکانی خوێندن بخوێنرێن، یەکەم ئەوەکە کارێکی نادروست و نازانستییە چونکە دەبێتە هۆی قەومیزەکردنی ئێرانو کارناسان لەم بوارەدا بەڕادەی پێویست قسەیان کردووە.»***

> **هەموو ئەو پێناسەو تایبەتمەندییانەی کە زمانناسو زمانناسان لەبارەی زمان خستوویانەتە ڕوو، لەبارەی زمانی کوردییشدا ڕاست دەردەچن، لەپێوەندیی لەگەڵ زمانی فارسییش هەر وایە. کەوایە ئەگەر ڕوانگەیەکی سیاسی یان چەشنێک ڕوانینی تایبەتی سیاسیی لەگۆڕیدا نیە، خێرە کە زمانێک بە سەرەکیو زمانێک بە لاوەکی لەقەڵەم بدرێ؟ ئاغای هوشمەند کە لافی ئەوە لێدەدا ٦٠٠ توێژینەوەی تاوتوێ کردووەو هیچیشیانی قبووڵ نیە! داخوا بە چاوێکی کارناسانە لە پێناسەو تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕوانیوە؟**

**«صبر بسیار بباید پدر پیر فلک را تا دگر مادر گیتی چو تو فرزند بزاید»**

لەوانەیە ناوبراو زانیارییەکانی سەبارەت بە بابەتەکانی زمانو قەومییەت لە ئاستێکدا نەبێ کە وتنەوەی ئەم زمانانە بە کارێکی ناڕدروستو نازانستی دەزانێ. لەو وڵاتانەی کە خاوەن فرەچەشنیی نەتەوەییو زمانیینو سەرەداوی هەموو ڕێبازە زمانناسییو خەڵکناسییەکانیان لەدەست دایە، ئەم بابەتانە بە چەشنێک چارەسەر کراون کە ڕاست پێچەوانەی ڕوانگەکانی ئاغای هوشمەند دەسەلمێنن. لە هەندێکیاندا سیستەمی دوو زمانە یان چەند زمانە لە بواری فێرکاریدا هەیە. لە ژمارەیەک لەو وڵاتانە دوو زمانو تەنانەت سێ زمانی فەرمی هەیە. لەو وڵاتانەی کە بەسەر ڕوحییەی فاشیزمدا زاڵ بوون، تەنانەت کەمینە کۆچەرەکانیش لە فێربوونی زمانی خۆیان بەهرەمەندن. ئێستا چ بووە بۆ نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی نەک بە کردەوە بەڵکوو تەنیا لە قسەدا، باسی خوێندنو وتنەوەی زمانی زگماکی لە نیشتمانی خۆیدا دەکرێ، بەم شێوەیە سەفبەندییو بەرەگیری لە دژی دەکرێو بە هەموو شێوەیەک بەرەنگاری داواکانی دەبنەوە؟! سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە ئێراندا چەندین زمانی بیانی وەک عەرەبی، ئینگلیزی، فەرانسەوی و ... دەخوێندرێن بەڵام مافی نەتەوەی کورد سەرەڕای ئەم هەموو پێداگرییو سووربوونە پێشێل دەکرێ. با تەواوی ئاکامە زانستییەکانی زمانەوانی سەروبن بکرێ، داخوا لە کوێیدا گوتراوە فێرکردن و وتنەوەی زمانێک ـ هەر چەشنە زمانێک ـ ڕەت کراوەتەوە؟ ئەم ڕوانگەیە هیچ بەهایەکی زانستی نیەو لە هەناوی فاشیزمەوە سەر هەڵدەدا.

«**قەومیزە» کردن!** ئەمەش زاراوەیەکی نوێیە کە جێگەی قسە لەسەرکردنە. ئێستا ئەگەر هەموومان وەک ئاغای هوشمەند بیرمان کردبایەوەو هەموومان دژی زمانو کولتووری خۆمان ڕاپەڕیباین، تەواوی کێشەکان بەجارێکی چارەسەر دەکران، ئیتر لەم هەموو فرەییو جیاوازییانە ڕزگاریمان دەبوو، دەبووینە خاوەنی «ئوممەت»ێک بە تاقە زمانێکەوەو خەونی ڕەزاخانی پەهلەوی کە بە بڕیاری ناوبراو لەسەر دەرگای ئیدارەو قوتابخانەکان نووسرابوو « بە فارسی نەبێ قسان مەکەن» وەڕاست دەگەڕا. بەڵام لە بەختی ڕەشی ئەو، وەها کۆمەڵگەیەک تەنیا لە جیهانی زەیندا بوونی هەیە، ئەویش لە زەینو مێشکی کەسانێکی پاوانخواز، نەک لە وڵاتێکی هەستپێکراو و واقیعی کە سەلماندنی پێویستی بە هیچ بەڵگەیەک نیە.

بەپێچەوانەی قسەکانی ناوبراو دەبێ بڵێین وەها ڕوانگەیەکی یەک پێکهاتەییو یەکلابین مەودای نێوان نەتەوەکانو کولتووورە جۆراوجۆرەکانی ئێران زیاتر دەکا. سیاسەتی وەلانانو نکوڵی کردن جێگەی نیگەرانییە نەک سیاسەتی پێکەوەژیانو سازانو لێک تێگەیشتنی دوولایەنە. ئاخۆ ئەو ڕوانگەیە کە هەر لە کۆنەوە بەسەر ئێراندا زاڵە، مەسەلەو کێشەو ناکۆکییەکانی چارەسەر کردووە؟ مەگەر هەوڵەکانی ئاتاتۆرک لەپێناو هاوچەشن کردنو یەکدەست کردنی کۆمەڵگەی تورکیە چی لێ شین بۆوە؟ زۆر نموونەی دیکەی لەم جۆرەمان لەبەدەست دایە. هەربۆیە ناوبراو ترسی لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکە هەیە و تەنیا پێداگریی لەسەر ئەزموونی شکست خواردووی ئێرانو بیروڕا چەقبەستوو و دۆگم خوازییەکانی خۆی دەکاو دەڵێ: «دەمانەوێ کەڵک لە کام چەشنو نموونە وەربگرین؟ دەبێ کەڵک لە نموونەیەک وەربگرین کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێمە بگونجێ. هێندێک لە وڵاتان بە شێوەی دەستکرد لە چەند گرووپی زمانی پێک هاتوون هەر بۆیە دەبێ هەموو زمانەکانیان لەبەرچاو بن، ئەوانە ناتوانن بۆ ئێمە ئۆلگوو و سەرمەشق بن.»

**ماویەتی**

# دەسەڵاتخوازیو دروشمو وەهمی رێژیمو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەربەستی سەرەکیی چارەسەری کێشەکانی ئێرانن



موختار نەقشبەندی

وتەو کردەوەکانی رێبەران و ئۆپۆزیسیۆنی سەد ساڵی رابردووی ئێران زیاتر لە وەهم و خەیاڵ و دروشم نزیکە نەک لە راستی. لە سەردەمی رەزاخان و کوڕەکەیدا دەسەڵاتخوازی و وەهم، ئەوانی لە ئاست ماف و پێداویستییەکانی خەڵکی ئێرانو بە تایبەت کەمایەتییەکان کوێر کردبوو بەجۆرێک کە تەنیا بیریان لە ئێرانێک بە یەک زمان و یەک نەتەوەی بەهێز لە دنیادا دەکردەوە. هەر ئەو سیاسەتە دەسەڵاتخوازانەو رەگەزپەرستانەی رەزاخان لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا بوونە هۆی ئەوەی بڕیاری هەڵە بدا و بەدوای ئەودا ئێران لە باکوور و باشوورەوە کەوتە بەر هێرشو لە لایەن هاوپەیمانانەوە داگیرکرا. کوڕەکەشی کاتێک لە خەوی غەفڵەت راپەڕی کە هاواری «مەرگ بۆ شا» شەقامەکانی ئێرانی لە ساڵی ١٣٥٧دا پڕ کردبوو و ئیتر دەرفەتێکی بۆ چاکسازی نەمابوو. خومەینیش کە بە دروشمی گەورەوە بۆ خەڵکی ئێران و جیهان پێی نایە تاران، لە هەمان رۆژەکانی سەرەتاوە بە ئیعدامی بەربڵاوی دژبەران و سەرچاوەکانی شۆڕش، بووە هۆی بێ هیواییو، لە جیاتی دروشمی یارمەتیی هەژاران، رێگەی بۆ دز و جەردەکان خۆش کرد کە بە کەڵک وەرگرتن لە پلەو پۆستەکانیان لە جیاتی خزمەت بە خەڵک، دەست بە تاڵانو دزی بکەن. خومەینی کە دروشمی یارمەتیدانی زۆرلێکراوانی جیهانی هەڵگرتبوو، بوو بە زاڵمێک کە هاوشێوەی لە مێژوودا کەمە. خومەینی وێڕای سەددام حوسێن بە هاوبەشی بەرپرسی هەڵایسان و درێژەکێشانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بوون کە جگە لە ماڵوێرانیو دواکەوتوییو کوژرانی زیاتر لە میلیۆنێک ئینسان هیچ ئاکامێکی دیکەی نەبوو و خومەینی خەونو خەیاڵی داگیرکردنی کەربەلای بردە ناو گۆڕ!. دوای ئەویش خامنەیی پاشایەتیی ئیسلامیی دەسی پێکرد کە دوژمن داتاشین و وەهم و زێدەخوازییەکانی هۆکاری سەرەکیی درێژەی گەمارۆکانی رۆژئاوان. ئەگەرچی بە پێی ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنەڕەتیی ئێران دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی نیزامو پۆستە سەرەکییەکان بەشێک لە ئەرک و سەلاحییەتەکانی رێبەرە و سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی کەمو بەرتەسکی هەیە، بەڵام رەفسەنجانیو خاتەمی بە هۆی بەرژەوەندە تاکەکەسیو ترسی گیانو پلە و پایە نەیانتوانی تەنانەت لەم دەسەڵاتە بەرتەسکەش کەڵک وەرگرن و دروشمی چاکسازیو ئاوەدان کردنەوەی خۆیان وەڕاست گێڕن. ئەحمەدی نژادیش کە بەهۆی دروشمە رەگەزپەرستانەکانی لە دژی خەڵکی ئیسرائیل ناوبانگی جیهانیی هەیە، جگە لە وێرانی هیچ دەسکەوتێکی لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ ئێران نەبوو و، لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ناوبراودا، ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە جیهاندا تەریک کەوتەوەو بە قەولی کارناسان ئەو زیانە هەمەلایەنەی ئەو بە ئێرانی گەیاند زیاتر بوو لە زیانەکانی هێرشی مۆغۆل بۆ سەر ئێران. ناوبراو جگە لە زەرەر هیچ قازانجێکی بۆ ئێران نەبوو و دروشمە گەورەکانی بوونە هۆی هەژارتر بوونی خەڵکی ئێران. ساڵی رابردووش خەڵکی ئێران لە ناچاری لە نێوان خراپ و خراپتردا رووحانییان هەڵبژارد بەو هیوایەی ئەمجارەیان دروشمەکان ببن بە کردەوە. بەڵام ئێستا وردە وردە نیشانەکانی شکستی دەوڵەتی رووحانی بەرچاو دەکەون. باس لەسەر راستی یان ناڕاستیی رووحانی نیە، بەڵکوو باسەکە لەسەر ئاستەم بوونی وەدیهاتنی دروشمەکان بە ئیمکاناتی بەردەستە. بە چاوخشاندنێک بەسەر هەلومەرجی ئێستای ئێران بارودۆخە نالەبارەکەمان باشتر بۆ روون دەبێتەوە. بۆ نموونە خەرج و تێچووەکانی بنەماڵەی کرێکارێک لە ئێراندا یەک میلیۆن و حەوسەد هەزار تمەن لە مانگێکدایە، لە حاڵێکدا کە وەزارەتی کار رایگەیاندوە کە لانیکەمی هەقدەستی کرێکاران بۆ ئەمساڵ ٦٨٠ هەزار تمەنە لە مانگێکدا. داخوا زگی ماڵ و منداڵی کرێکاران بە دروشم تێر دەبێ؟! دەوڵەتی ئەحمەدینژاد دەبوایە تائێستا چوار میلیۆن خانووی مێهری دابا بە داواکاران، بەڵام ٢ میلیۆنیان ئێستاش تەواو نەبوون. رووحانی چۆن دەتوانێ بەڵێنەکانی دەوڵەتی پێشوو بەجێ بگەیەنێ لەحاڵێکدا کە دەوڵەتەکەی تووشی کەسری بودجەیە.

راپۆرتە رەسمییەکان نیشان دەدەن کە ساڵی رابردوو نزیک ٤٢ هەزار میلیارد تمەن یارانەی نەغدی دراوە لە حاڵێکدا کە داهاتی وەلابردنی سوبسیدەکانو چوونەسەری نرخی سوتەمەنی ٢٨ هەزار میلیارد تمەن بووە. واتە دەوڵەت ١٤ هەزار میلیارد تمەنی لە حیسابی خۆی داوە!. ئەگەرچی دوابەدوای رێککەوتنی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆی یەک، بەشێک لە گوشاری گەمارۆکان کەم کرایەوە بەڵام ئێران هەروا لەژێر گەمارۆدایەو تەریک ماوەتەوە و، قوربانیی سەرەکیی ئەم گەمارۆیانەش سەنعەتی نەوتی ئێرانە کە لە دراوسێ عەرەبەکانی زۆر لە دواترە. سندوقی نێودەوڵەتیی دراویش دەڵێ بە پێچەوانەی نیشانەکانی سەقامگیری، داهاتووی ئابووریی ئێران ناڕوونەو، گەشەی مەنفی ئابووریو ئاوسانی زۆر بە گرفتی سەرەکیی دەوڵەتی رووحانی دەزانێو پێش بینییەکانی دەوڵەتیش بۆ گەشەی ١ تا ٢ لەسەدیی ئابووریی ئێران بۆ ئەمساڵ دوورە لە راستی. ئەگەر دەوڵەتی رووحانی بشتوانێ ئاوسان کۆنترۆڵ بکاو گەشەی ٢ لەسەدی مسۆگەر بکا، زۆر جێی خۆشحاڵی نیە، خۆشبژێویو گەشەی ئابووری رێژەییە، بەڵام نابێ وەک راگەیەنەکانی ئێران، ئێستا لەگەڵ سەردەمی شای قاجار بەراورد بکەنو باسی پێشکەوتن بکەن. دەبێ ئێران لەگەڵ رکەبەرەکانی ٣٠ ساڵ پێش ئێستا بەراورد بکرێ کە ئێستا ئەوان لە کوێنو ئێران لە کوێیە؟ پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧ ئێران لە هەر بارێکەوە لەپێش وڵاتی کۆرەی باشوور بوو، بەڵام ئێستا لە هەر بارێکەوە لەدواترە. بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی ساڵی ٢٠١٢ی کۆرەی باشوور گەیشتە سنووری ١١٣٠ میلیارد دۆلار بوو کە بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی ئێران کەمێک لە نیوەی ئەو بڕە زیاتر بوو. تورکیەش ساڵی ٢٠١٢ گەیشتە سنووری ١٠٠٠ میلیارد دۆلار. بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی ئێران لە حاڵێکدا لە هی عەرەبستان کەمترە کە بەشی پیشەسازیی غەیرە نەوتیی عەرەبستان ساڵی رابردوو ٧ لەسەد گەشەی کردوە، تورکیەش بە گەشەی ٧ و ٨ لەسەدی هەروا وەپێش ئێران دەکەوێتەوە. بۆچی گەنجانی ئێران لە حاڵێکدا کە وڵاتەکەیان لە هەر بارێکەوە لەم وڵاتانە دەوڵەمەندترە دەبێ بە بێکاریو هەژاری ژیان بەرنە سەر و هەموو رۆژێ شاهیدی دواکەوتنی زیاتر بن. داخوا کاتی ئەوە نەهاتوە کە رێبەری ئێران لە خەو و خەیاڵی زاڵبوون بەسەر وڵاتەنی ناوچەو جیهان بێتەدەر؟ ساڵی ١٣٨٣ ئێران بە داڕشتنی «چشم انداز ٢٠ سالە» رایگەیاند کە ساڵی ١٤٠٤ ئێران دەگاتە پێگەی یەکەم ئابووری، زانستیو تەکنۆلۆژی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو وڵاتانی ناوچەدا، بەڵام بە نزیک بوونەوە لە نیوەی تەمەنی ئەم سەنەدە، دەبینین ئێران مەودایەکی زۆری لەگەڵ ئەم ئامانجە هەیەو ئەگەر دراوسێکانی بەم خێراییە بچنەپێشو ئێرانو هەروا دەرگیری ئەو کێشەو گرفتانە بێ کە خۆی پێکیهێناون، ساڵی ١٤٠٤ لە نێو وڵاتانی کۆتایی خشتەی ئابووریدا دەبێ. ئەگەر وڵاتی تورکیە گەشەی ئابوورییەکەی سفریش بێ، ئێران بە گەشەی ١ و ٢ لەسەدی دەیان ساڵی دیکە دەگاتەوە تورکیە. بەداخەوە هێندێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە جیاتی ئەوەی هەوڵی رووخان یان چاکسازیی بنەڕەتیی رێژیم بدەن، خەریکی



**هێندێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە جیاتی ئەوەی هەوڵی رووخان یان چاکسازیی بنەڕەتیی رێژیم بدەن، خەریکی دوژمنایەتی لەگەڵ بەشەکەی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنن. بەشێک لەم دوژمنایەتییە لە دەسەڵاتخوازییەکی خەیاڵییەوە سەرچاوە دەگرێو بەشێکیشی ریشەی فەرهەنگیو مێژوویی هەیە. بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە وەهمی خۆیاندا هەست دەکەن زۆربەی خەڵکی ئێران لایەنگری ئەوانو ئەوانی دیکە هیچ پێگەیەکیان نیە.**

دوژمنایەتی لەگەڵ بەشەکەی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنن. بەشێک لەم دوژمنایەتییە لە دەسەڵاتخوازییەکی خەیاڵییەوە سەرچاوە دەگرێو بەشێکیشی ریشەی فەرهەنگیو مێژوویی هەیە. بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لە وەهمی خۆیاندا هەست دەکەن زۆربەی خەڵکی ئێران لایەنگری ئەوانو ئەوانی دیکە هیچ پێگەیەکیان نیە. هەتاکەی بوونی نەتەوەکانی دیکە وەک ئازەری، کورد، عەرەبو بەلووچ و ... لە ئێراندا حاشایان لێدەکرێ؟. هەتاکەی بە سووکایەتی بە نەتەوەکانی ئێران دەیانهەوێ ئەوان لە هۆوییەتی خۆیان بێزار بکەن. هەتاکەی دەیانهەوێ بە تۆمەتی جیاییخوازی رێگە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی غەیرە فارسەکان بگرن؟. داخوا کاتی ئەوە نەهاتوە کە بە دەرکو قەبووڵی راستییە سیاسیو مێژووییەکانی ئێران دەست لە دەستی یەکردا بۆ چاکسازیو رووخاندنی رێژیمی ئێستای ئێران هەوڵ بدەین؟ داخوا خەڵکی ئێران لە خەڵکی ئافریقای باشوور کەمترن کە ١١ زمانی رەسمی و ٢ زمانی هاوبەشیان هەیە؟ داخوا خەڵکی ئێران لە خەڵکی سویس، کانادا و بریتانیا کەمترن کە بە دەرکو قەبووڵی نەتەوەکانی دیکە لە وڵاتەکەیاندا بوونەتە هۆی پێشکەوتنی هەمەلایەنەی وڵاتەکەیان. هەتاکەی بە گێڕانەوەی هێز و دەسەڵاتی ئێران لە سەدان ساڵ لەوەپێشدا خۆمان بە فەرهەنگ و خەڵکی دیکە بە تازەپێگەیشتوو بزانین؟ داخوا مێژوو بۆ خەڵکی ئێران دەبێتە نانو ئاو؟ داخوا ژیانی ئەمڕۆی خەڵکی ئێران مایەی شەرمی نەوەکانی داهاتوو نابێ؟ هەتاکەی بە تۆمەتبارکرنی یەکتر، شکستەکانی مێژووی هاوچەرخ بە ئەستۆی یەکتردابێنین؟ داخوا ئەمجۆرە سیاسەتکردنە جگە لە کڕینی کات بۆ رێژیمی ئێستای ئێران هیچ دەسکەوتێکی دیکەی هەیە؟ داخوا ئەگەر رێژیمی ئێران بڕووخێ، ئۆپۆزیسیۆنی ئێستا بەم عەقڵییەتو شێوە بیرکردنەوەیە دەتوانێ ببێتە هۆی ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئێران، یان بۆخۆی دەبێتە دەردێک بەسەر دەردە بێدرمانەکانی دیکەوە و بە شەڕی نێوخۆیی ئێران دەکاتە وڵاتێکی برسی و وێران؟ داخوا کاتی ئەوە نەهاتووە لە وەهم و خەو و خەیاڵ راپەڕن و یەک بگرن؟



# فەیسبووک... لە ئامانجی زوکێربێرگەوە تا سنووربەزاندنو ئازاردانەکانی ئەمرۆ!



کوێستان فتووحی

تــۆڕی کـۆمـەڵایـەتـی، چیرۆکێکی ڕاستـەقینـەیـە کـە مـارک زوکـێربـێرگ (Mark Zuckerberg)ی وەک لاوێکی نابغە بە جیهانیان ناساند. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ناوبراو ڕاگەیەنێکی بەهێزی وەک فەیسبووکی کە ئەمرۆ بۆتە یەکێک لـە بـەهـێزتریـنو کـاریـگـەرتـریـن تـۆڕی کۆمەڵایەتی لە دنیای مـەجـازیداو زیاتر لە یەک میلیارد ئەندامی هەیە، داهێناوە. بوونی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییە، شۆڕشێکی گەورەی لە نێو کەرەسەکانی پێوەندیگرتندا دروەسـت کـردوە کە زوکێربێرگی ٢٦ ساڵەی لە ماوەیەکی کورتدا کردە لاوترین میلیاردێری جیهان.

فەیسبووک لە هەموو جیهاندا بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕاستەقینەی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم سەدەیە . لە ژن وپیاوی ٧٠ -٦٠ ساڵەوە بگرە تاکوو منداڵانی ١١ -١٠ ساڵە کە بە فێڵ ڕۆژی لەدایکبوونیان زیاتر نووسیوە بۆ ئەوەی ئەوانیش ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەیەکی بە ڕواڵەت مەجازی!


فەیسبووک، تۆڕێکە لـەوێدا هەر تاکێک دەتوانێ بە دروست کردنی لاپەڕێک، بەوجۆرەی کە بۆخۆی پێیخۆشە هۆوییەتی خۆی بناسێنێ. شوێنێکە بۆ بڵاوکردنەوەی خواستو ئارەزووەکانی تـاک. بۆ ئەو کەسانەی کە دەردی هاوبەشیان هەیە، بـەرژەوەنـدیـی هـاوبـەشـیـان هـەیـە، بۆ خۆشـەویـسـتـیو پێکگەیشتن، شوێنێکە دۆست دەکاتە دوژمـنو دوژمـن دەکاتە دۆسـت.... مرۆڤە بێناوەکان ناودار دەکاو بەکورتی شوێنێکە نەخشێکی گرنگی لە ژیانی ئینسانەکاندا هەیە.

لـەنێو زۆربــەی چـینو تـوێژەکـانی کۆمەڵدا ئۆگرییەکی زۆر بۆ فەیسبووک هەیە. هۆکاری ئەم ئۆگرییەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کە فەیسبووک زۆر لە نیازە جۆراوجۆرەکانی ئەوانی بەجێ هێناوە. دیارە هۆکاری ئۆگریوخۆشەویستیی فەیسبووک بۆ تاک و دەستەو گرووپە جۆراوجۆرەکان جـیـاوازە. بۆنموونە بـەشـێک لـە خەڵک لـەم ڕێگـەیـەوە دەتـوانـن ئاسانتر لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە، دۆستانو ئاشنایانو خۆشەویستانیان، پێوەندی بگرنو لە حاڵو وەزعی یەکتر ئاگادار بنەوە، بەتایبەتی کە شوێنی ژیانیان لەیەکتر دوور بێ. پاشان ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ ڕێکلامی سیاسی، بازرگانی، فەرهەنگیو هونەریوهتد. واتە کەرەسەیەکی گرنگە بۆ پێوەندیو ڕێکخستنی لایەنگرانو بەهێزکردنی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، بازرگانیوهتد. کاتێک کـەرەسـەیـەک نیازەکانی زۆر لە چینو توێژە جۆراوجۆرەکان وەدی دێنێ، بە دڵنیاییەوە هەتا دێ، بە ڕێژەی میلیاردیی فەسبووکیانەوە زیاد دەبێ.

لـە ڕاسـتـیدا مـارک زوکـێربـێرگ بە ئێستعدادو توانایی لەڕادەبەدەر توانیویەتی، خەڵکی هەموو جیهان بە زمانو فەرهەنگو ڕەگـەزی جـۆراوجـۆر لـە وڵاتێکی پانو بەرینو جەزاب لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، کـە دانـیـشـتـوانـی بـە ئـاسـانـتـریـن شـێـوە لەگەڵ یەکتر لەپێوەندیدا بنو ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە. دیـارە هـانـدەری سـەرەکی دروستکردنی فەیسبووک لە لایەن زوکێربێرگ، شکستو ناکام بوونی بووە لە پێوەندی گرتن لەگەڵ کچێکدا بە ناوی ئێریکا.

ئەمرۆ ئەم تۆڕە بەجۆرێک کاریگەرە لە پێوەندییەکاندا، تەنانەت خەوو خۆراکی لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانیش تێکداوە، ئەگەرچی ئەوانیش لەم تۆڕەدا چالاکن، بەڵام زۆر جار بەشێوەیەکی نادیار بۆ مەرامەکانی خۆیانو لەم ڕێگەیەوە دەتوانن ڕەفتاری کۆمـەڵایـەتـیو بـۆچـوونـە سیاسییەکانی هاووڵاتیانیان بخەنەژێر چاوەدێرییەوە.

دیارە لەوەدەچێ فەیسبووک، هەر بۆ ئەوانەی لەسەرەوە باسیان لێکرا شیرین نەبێ، بەڵکوو بۆ ئەو کەسانەشە حەز دەکەن سەر لەهەموو کەلێنو قوژبنەکانی ژیانی تایبەتی خەڵکی دیکە دەربێنن! سەرکێشانە نێو ژیانی خەڵکی دیکە، لە نێو دنیای فەیسبووکدا بەتایبەتی لە ژیانی ئەوانەی کە ناسراون یان تەنانەت ناسیاویش، بۆتە هتد، ئەگەر ناوی فزوولیشی لە ژیانی ئینسانەکاندا لێبنرێ، پێویستە ئینسانەکان لـەم ڕێگایانەوە زانیارییەکانیان لەسەر کەسایەتییە ناودارەکان کۆدەکەنەوە. بۆیە هەمووومان لە فەیسبووکدا جگە لەپێوەندییە شەخسیو تایبەتییەکانمان، دەگەڕێن بەدوای زانیاری زیاتر لەسەر مرۆڤەکانی




یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر تاکێکی نێو ئەم دنیا سەرسووڕهێنەرەوە. هەریەک لە ئێمە کە دەچینە نێو ئەم دنیایەوە، زۆرجار بەشێک لە کاتمان تەرخان دەکەین بۆ ئەو مڵوموش(١) (کنجکاوی)یانە. زۆر کەس پێی وایە ئەو کارە دەبێتە فزوولی! دیارە ناکرێ ئەم مڵوموشانە - چاک یان خراپ- بە کەمی بگرین. ئەم فزوولیانە! بەبێ فەیسبووکیش دەکرێ هەبنو هەر هەبوونو هەن، بەڵام بەشێوەیەکی دیکەو لە ڕێگەی دیکەوە. بۆ نموونە خوێندنەوەی کتێبێک کە لەسەر ژیانی هونەرمەندێکی ئەکتەر، گۆرانیبێژێک، سیاسەتمەدارێک، شاعیرێک، نووسەرێک، ڕۆژنامەنووسێکو دیکە، ئەگەر ناودارو ناسراو بێ، یان کەسێکی ئاسایی بێ.

### ژنانو فەیسبووک

ژن مافی ئەوەی هەیە ژنانە بژی، ژنانە پێوەندی بگرێ، ژنانە دەرکەوێ، بەڵام لە نێو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەتی لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە ژن وەک ئەکتەرێکی جنسیو خۆشگوزەرانی بۆ پیاوان چاویان لێدەکرێ، دەڵێی لەم دنیا بەناو مەجازییەشدا مافی ئەوەیان نیە ئاسوودە بن. لێرەش هەر ڕۆژە چیرۆکێک لە ئازاردانی ژنان دەبیسین. ئازار دانەکان لێرەشدا وەک شەقامو کووچەوکۆلانەکانی وڵاتو شارو گوندەکەمان دەچێ! بەجیاوازییەکەوە کە کەسەکان دەمامکدارنو دیار نین کێن، بەڵام وشەکانیان پیاوانەن! پلارو توانجەکانیان بەئازارە وەک دنیای ڕاستەقینە! لاپەڕە بەناومان دەکەنەوە، بەنییەتی ناڕەوا، وێنەو پەیامی نەشیاو دەنێرن، هەڕەشەی بێدەنگکردنمان لێدەکەن، گاڵتە بە ژنیەتیمان دەکەن، بە ژنی ئەمو ئەو ناوماندەبەن! و ..... دیارە هەموو ئەوانە لە لایەن سیما دەمامکدارەکانەوە ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوەو زۆر جار ئەم ڕەفتارە نەشیاوانە ئاسوودەیی لە ژنانی فەیسبووکی تێکداوە. دیارە ئەوانەی ئەم ڕەفتارانە لەگەڵ ژنان دەکەن بەشێکیان هەر ئەوانەن دەیانەوێ لەم دنیایەشدا ژنان بچنەوە پشت درگا داخراوەکان، ئەوانە هەر ئەو کەسو لایەنانەن «حەڵاڵ» حەرام دەکەنو «حەرام» «حەڵاڵ»! بەشێکیشیان هەر ئەومرۆڤانەن کە لە ژیانی خێزانیو کۆمەڵایەتیدا بەردەوام هەستەکانیان سەرکوت کراوە، دەیانەوێ ئەم بۆشاییە لە ژیانیاندا بەمشێوەو لەم ڕێگایەوە پڕ بکەنەوە. ئەوانە مزاحیمی هەمیشەیی ژنانو کچانن لە فەیسبووکدا.

دیارە دیاردەی ئازاردانی ژنان لە نێو فەیسبووکدا ڕەنگە دیاردەیەک نەبێ تەنیا پێوەندی بە کوردو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتییەوە هەبێ، بەڵام ژنی کورد نەیانتوانیوە یان بۆی دژوارە لەگەڵ ئەم دیاردەیە ڕابێ، بۆیە زۆرجار لە هاوڕێیانی خۆمان دەبیسین کە بەمهۆیانەوە فەیسبووکەکەی دادەخا! یان زاڵەی دێ لەدەست ئەم ئازاردانانە. ڕەنگە زۆر کەس بڵێن ئەم کارانە لەگەڵ پیاوانیش دەکرێن، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی تاڵە، ژن لە کەلتوورو کۆمەڵی ئێمەدا بۆ شتی چووکەش تا ئێستاش ترسی گەورەی هەیە.

**چۆن لەگەڵ ئەم کێشەیە ڕووبەڕوو بینەوە؟**

ئێمە لە دنیایەکدا دەژین، کە فەیسبووک

ل ١٠

# «تێرۆریزمی ئێرانی (کۆماری ئیسلامی)»



وریا ڕەحمانی

تیرۆر یان کردەوەی هێرشبەرانە بە مەبەستی سڕینەوە (حذف)ی فیزیکیی کەس یان چەند کەسێکی دیاریکراو لە مێژووی سیاسی ئێرانو بەتایبەت کۆماری ئیسلامیدا، ڕابردوویەکی کۆنی هەیە و ڕەنگە لە کەمتر وڵاتێکی دیکەی دنیادا لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بەم ڕادەیە لەم ئامرازە نەخوازراوە کەڵک وەرگیرابێ. دیارە پێناسەی تیرۆر بەپێی ئەو پێوەرە گشتیە داڕێژراوانەی کە لە پانتایی مێژووی سیاسیی نێونەتەوەیی بەتایبەت لە چەند سەدەی ڕابردوودا دیاری کراوە، ئاستێکی بەرینترو بوارێکی بەرفراوانتر لە خۆ دەگرێو تەنیا لە چوارچێوەی تیرۆری سیاسیی مۆدێلی سڕینەوەی فیزیکی کەسەکاندا مەحدوود نابێتەوە؛ وەک تیرۆری کەسێتی، تیرۆری کۆمەڵایەتی، تیرۆری ئابووری و ... . بەڵام ئەوەی کە بەگشتی جێی باسی ئێمەیە و لەم نووسینەدا لە هەوڵی تێرامانی داین هەوڵی سڕینەوەی فیزیکییە، کە نەخوازراوەترینو نامەردانەترین جۆری تیرۆرە کە پێکهاتەگەلێکی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەک یەکێک لە گرینگترین چەکە سیاسییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە جۆراوجۆرەکان، چ لە ئاستی نێوخۆییو چ لە ئاستی دەرەکیدا، کەڵکی زۆری لێ وەردەگرن. لەڕاستیدا بۆ دۆزینەوەو پەیبردن بە سەرەداوەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیو ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی کە پێکهاتەیەکی سیاسیی لەم چەشنە شەرعیەتو پاساوی کردەوەیەکی ناهەنجاری ئاوای لێوەردەگرێ، پێویستە پێداچوونەوەیەکی ئەگەرچی خێراشمان بە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بەگشتیو بەتایبەت لە مێژووی ئێرانداو هەروەها چییەتیو چۆنیەتی چەمکی تیرۆر لەم بەستێنەدا هەبێ. دیارە ئیسلامی ئێرانییش کە ڕیشەی لە ڕەوتی بناژۆخوازی ئیسلامی شیعەگەریدا هەیە وەک زۆربەی پێکهاتە ئایدۆلۆژیکەکانی دیکە لە دەروونی خۆیدا پێی وایە ئامانج ئامراز دیاری دەکاو بنەمای گەیشتن بە ئامانج پاساوی چییەتیو چۆنیەتیی ئامرازەکەیەتی. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە چوارچێوەی تیۆرو کارکردی هێزە ئایینیو چەپە ڕادیکاڵەکاندا دەرەوشاوەتەوەو بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە کە خود ڕەنگە یەکێک لە پاساوە هەرە پشت قایمەکانی کردەوەیەکی نەخوازراوی وەک تیرۆر بێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شرۆڤەی چۆنیەتیی پێکهاتنی خۆیدا، نایشارێتەوەو ڕاشکاوانەش خۆی بە وامدارو میراتگری ڕاپەڕین و بزووتنەوەگەلێکی وەک» حەسەن سەباح» و «نەواب سەفەوی» و ... دەزانێ، کە خود بوارێکی گرینگو بەرچاوی کارکردنی ئەو چەشنە حەرەکەتانە لە تیرۆرو سڕینەوەی فیزیکیی نەیارانی سیاسیدا خۆی دەدیتەوە. لە ئەدەبیاتو میتۆدی سیاسی کۆماری ئیسلامیدا لە تیرۆریستانێکی وەک (میرزا ئاقاخانی کرمانی) بکووژی»ناسرەدین شای قاجار» و «خالید ئیسلامبولی» بکوژی «ئەنوەر ساداتی میسری» وەک قارەمانانێکی گەورەی مێژوویی یاد دەکرێتەوەو دەنرخێندرێن. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەک دەسەڵاتی تەنیاو قۆرغکردووی وڵاتێکی وەک ئێران بە پێی زاتە ئایدۆلۆژیکییە تایبەتە ئایینییەکەیەوە لە پێناوی بوونو مانەوەو یەکدەست کردنی پەیتا پەیتای دەسەڵاتەکەیدا بە شێوەیەکی بەردەوام و ماندوونەناسانە لە هەوڵی دوژمن داتاشینو وێناکردنی مەترسیی دوژمنێکی لە کەمینی خەیاڵیی هەمیشەییو تێبینی ئەم شێوەی ڕوانینە لەنێو خەڵکو بەتایبەت لایەنگرەکانیدا بووە. ئەم چەشنە حکوومەتانە بەپێی ئەو چوارچێوە تایبەتییانەی هەیانە، ئەساسەن ناتوانن کرانەوەیەکی ئەوتۆ بە خۆیانەوە ببینو نەرمی بنوێنن. چون هەر پاشەکشەیەکی، تەنانەت ئەگەر کەمیش بێ، لەوانەیە تا لێوی هەڵدێرەکانی نەمانیان بەرێو مەترسیەکی جیدی بۆ مانو مەوجوودییەتیان پێک بێنێ. هەربۆیەش لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی تەنانەت نامرۆڤانەو هەندێک جار بەپێچەوانەی باوەڕەکانیشیانەوە ناپرنگێنەوەو پاساویشی بۆ دێننەوە. کاتێک سەیری ماشێنی تیرۆر لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین دەبینین کە بەگوێرەی قۆناغە جۆراوجۆرەکان و زەروورەتەکانی سەردەم لە ڕوانگەی ئەم ڕێژیمەوە، ئەم دیاردەیەش شێوازی جۆراوجۆری لە خۆدا گرتووەو تەنیا بوارێکی تایبەت ناگرێتەوە. بەشێکی زۆر لە دەرکەوتەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی دەسەڵاتو ڕەوتی یەکدەست کردنەوەو دەرکردنو سڕینەوەی ناخودییەکانی نێو دەسەڵات لە پێکهاتەی گشتی سیاسی وڵاتدا بوو. مەرگی گوماناوی تاڵەقانی، تەقینەوەیی نێوخۆیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، بێ سەروشوێن کردنی بەسەدان کەسو کوشتاری بێ دادگایی بەهەزاران زیندانیی سیاسی لە دەیەی شەست، کوشتارە زنجیرەییەکانی سەردەمی ئیسلاحات و ... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە ڕوویکردەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامین. لایەنێکی دیکەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووی لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئەم نیزامە بوو کە پاش چەند ساڵێک لە دوای شۆڕشەوە ئیتر ئیمکانی کارکردن لە نێو خۆی وڵاتیان بۆ نەمایەوە و بەناچار پەرتەوازەی ئەودیوی سنورەکانو دەرەوەی وڵات بوون. کەچی بەم حاڵەشەوە ترسی ئەم ڕێژیمە لە پێگەو کاریگەریی ئەو کەسو لایەنانە لە نێو کۆمەڵگادا وای لێکرد کە بە ئەنجامی تیرۆرو سڕینەوەیان هەستێ. لە لەبەرچاوترین نموونەکانی ئەم شێوازەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی دەتوانین بە تیرۆری شەهیدانی سەرکردەی کوردو حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، تیرۆری شاپوور بەختیارو فەرەیدون فەرۆخزادو بەسەدان کەسایەتیو دژبەری سیاسیی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات ئاماژە بکەین.

ڕەهەندێکی دیکەی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی ڕووی لە دژبەران و نەیارانی ئەم ڕژێمە لە ئاستەکانی جیهانیدایەو زیاتر ئەو وڵاتو لایەنانە دەگرێتەوە کە لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوکێشە نێونەتەوەیەکان دان. ئینجا لەگەڵ ئەوەیدا کە بەشێکی ئەم کردەوە تیرۆرستیانە لە ڕێی کەسو مۆرەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدات، بەڵام بەشێکی زۆریشی لە ڕێی گرووپو تاقمە تێرۆریستییە هاوپەیمانەکانی وەک» حەماس»ی فەلەستینیو «حیزبوڵلا»ی لوبنانییەوە بە ئەنجام دەگەیێنێ. ئەم شێوازەی تیرۆر لەگەڵ ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەرگیراوە بەڵام بەتایبەت پاش مەترسی ئەم ڕێژیمە لە ئەگەری شەڕێکی شیمانەکراو و بەرەوروو بوونەوەی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕەوتێکی خێراتری بەخۆوە گرتوە. تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگی جولەکەکان لە (بۆئێنۆس ئایرێس)ی پایتەختی ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، تیرۆری سەفیری عەرەبستان لە ئامریکا لە ساڵی ٢٠١١، هەوڵی تیرۆر و تەقاندنەوەی دیپلۆماتو سەفارەتەکانی ئیسڕائیل لە چەندین وڵات و ... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو بەشە لە کرداری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە بە گشتی لە چوارچێوەی تیرۆرزمی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە. سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تیرۆر وەک ئامرازێکی کاراو کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە ڕاستای داسەپان و زۆرجاریش بۆ « فرافکنی»و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی چ لە ئاستی نێوخۆییو چ لە ئاستی دەرەکیدا کەڵکی وەرگرتوە، گرینگییەکی تایبەتی هەیەو ڕەنگە لە کردنەوەی هەندێک لە گرێ پووچکەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم ڕژێمە یارمەتیدەر بێ.

# کرێکاری کورد لە نێو خاکو خۆڵو؛ بۆنی بارووتو خوێندا



**عەلی بداغی**

کرێکار لە پێناسەی خۆیداو رۆڵی کرێکار لە کۆمەڵگاو وڵاتدا گرێدراوی پێشکەوتوویی، ئاوەدانیو جێگەو پێگەی ئەو کۆمەڵگایەو وڵاتە، لە چاو کۆمەڵگاو وڵاتانی دراوسێو دوورو نیزیکێتی.

ڕۆژی کرێکاریش بۆنەیەکو دەرفەتێکە بەر لە هەموو شتێک بۆ ڕێزگرتن لە پلەو پایەی کرێکارو پاشانیش گوێگرتن لە ویستو داخوازی ئەوان، بەڵام ئاخۆ جێگەو پێگەی کرێکار لە وڵاتی ئێران چیەو ویستو داخوازەکانی ئەو توێژەی کۆمەڵگا چەندو چۆنن؟

ئەگەر بڵێین ئەمڕۆکە توێژی کرێکار لە ئێران لە سەختترین بارودۆخدا دەژینو هەژاریو بەشمەینەتی بەشی جیانەکراوەی ژیانو گوزەرانیانە، ئەوە نە دروشمەو نە مەزلووم نیشاندانی کرێکاران، بەڵکوو ئەوە ڕاستییەکانو ئامارەکانن کە دەردەخەن توێژی کرێکار لە ئێران چەندە لە مافەکانیان بێبەشو باری گوزەرانیان چەندە سەختو ناهەموارە.

ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی سەرکێشیو نارۆونیی بەرنامە ئەتومییەکانی لەلایەن کۆمەڵگای جیهانی، بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو یەکلایەنەو چەند لایەنە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو، یەکیەتیی ئوروپاوە خرایە ژێر سەختترین گەمارۆ ئابوورییەکان. لە سۆنگەیو ئەو فشارۆ گەمارۆیانەوە، وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە ئێران کشانەوە، کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوورییەکان هاوکاریو هاوپەیمانییەکانیان لەگەڵ ئێران ڕاگرت، زیاتر لە نیوەی کارخانەو کارگە پیشەییەکان لە ئێران داخران، ئەوانەی دیکەش بە کەمتر لە نیوەی زەرفییەتیان کەوتنە هەناسەبڕکێو دەوڵەتیش پەرەی بە سیاسەتی هەوسارپچڕاوی هاوردەی کاڵا بە تایبەت لە وڵاتی چین داو لە سۆنگەی هەموو ئەوانەشەوە ئەوە چینی کرێکار بوو کە زیانی قورسو گورچکبڕی وێ کەوت. کرێکار بەر لە هەموو شتێک ئەمنیەتی شوغلی نەماو کارەکانیان لە دەست دا، مووچەو حەقدەستی مانگانەیان چەند مانگ چەند مانگ دواخراو، نرخی ئاوسان فری، بەڵام مووچەو حەقدەستی ئەوان لەجێی خۆی نەبزووت، داو دەرمان گران بوو، بازار بۆ ئەوان بووە کابووسو ئەوانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بێدەنگیدا خزینە ژێر هێڵی هەژاری، زۆربەی نیزیک بە تەواویان خەڵکی کرێکارو بێکاری کەمداهاتی کۆمەڵگا بوون.

کرێکاران لە ئێران لە سەر ویستو داخوازی خۆیان ناتوانن ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی خۆیان هەبێ، نارەزایەتیو داوا سینفییەکانی ئەوان بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی نیزام لێک دەدرێتەوەو هەر بۆیەش دەبینین کەم نین ئەو چالاکە کرێکارییانەی لە زیندانەکانی وڵاتدا لەسەر داوای سینفیی خۆیان قورستترین حوکمو درێژماوەترین سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

سفرەی ماڵی کرێکار لە ئێرانی ئێستادا گەورەی ماڵێی ڕووزەرد کردوە، بنەمای مووچەی مانگانەی کرێکاری کارخانەو فەرمانگە دەوڵەتییەکانو ئەوانەی قانوونی کار دەیانگرێتەوە ٦٠٠ هەزار تمەنە، بەڵام ئامارە ڕەسمییەکانی هەر خودی ناوەندە حکومییەکان دەڵێن هەر بنەماڵەیەکی ٤ کەسی لە بارودۆخی ئێستادا کەمتر لە یەک میلیۆنو لە شارە گەورەکاندا کەمتر لە ١ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار تمەنی داهات هەبێ، کەوتۆتە بن هێڵی هەژاری. هیچ کام لە کاربەدەستانو کارگێڕانی حکوومەت نە لە خۆیان دەپرسنو نە بۆیان گرینگە کە کرێکارێک بەو کەمە مووچەو حەقدەستە چۆن بژیوی ماڵو بنەماڵەی دابین بکاو ڕووزەردیان نەبێ؟

سەرباقی ئەوەش ئەوەی مۆتەکەی ژیانی کرێکار لە ئەمڕۆدا پاراستنی کار بەو کەمە مووچەو داهاتەیەتی، چونکە دەبینێ لە نرخی بێکاری سەروو سەدا ٣٠، لەو بارودۆخەی لە ساڵدا بە دەیان هەزار دەرچووی زانکۆ دێنە نێو بازاڕی کار بەبێ کارەوە، لەو بارودۆخەدا وەزارەتەکان چووکە دەبنەوەو دەرکەی کارگەو کارخانەکانیش پێ بەپێی بارودۆخی شپرێوی ئابووریی وڵات دادەخرێن، ئەوە هەر حەشیمەتی بێکارە پەرە دەستێنێ؛ لەو بارودۆخەدا ئەوەی بۆ کرێکار گرینگە پاراستنو ڕاگرتنی کارەکەیەتی، ئەوەش وای کردوە ددان بە جەرگی دابگرێو ئازاری هەموو نەهامەتییەکانی ژیان بە جەستەو دڵی بکێشێ بۆ ئەوەی ئەو کەمە دەلاقەیەشی لە ژیاندا لێ دانەخرێ. جیا لەوەش ئەمڕۆکە خاوەنکاران کە زۆر باش لە باردۆخی ئابووریی وڵاتو کرێکاران دەزانن، لە کاتی دامەزراندنو سپاردنی کار بە کرێکاران ناچاریان دەکەن لە مافی بیمەی کۆمەڵایەتی خۆش بنو، گرێبەستی کاری زۆربەی ئەوانیش چەند مانگەیە بۆ ئەوەی قانوونەکانی کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی نەیان گرێتەوە. لەو بارودۆخەدا کرێکار خەمبارو تووڕەیەو هەر خۆی دەخواتەوە، چونکی نە دەتوانێ دەرەقەتی دابینکردنی ژیانێکی خۆشو پێداویستیی ماڵو منداڵی بێ، نە دەسەڵاتی باشتر کردنی ئەو وەزعەو خۆڕزگارکردنی هەیە، هەر بۆیەشە دەبینین زۆربەی کرێکاران تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بوونو کەم نین ئەو کرێکارانەش کە بە داخەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو ژیانە بیریان لە پەنابردنە بەر خۆکوژی کردۆتەوە.

کرێکاری کورد بەڵام لە کوردستان بارودۆخەکەی جیاوازترە. هەموو ئەوانەی لە دێڕەکانی سەرەوەدا باسیان کرا، بارودۆخێکی گشتی بۆ هەموو کرێکارێک لە ئێرانن، بەڵام تایبەتیتر بۆ کرێکاری کورد ئەو





بارودۆخەیە کە باسیان دەکەین.

یەکەم ئەوەی بارودۆخی کارو سروشتی کارو دوایەش کارێکار لە کوردستان جیاوازە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران. بۆ نموونە ئەگەر نێونجی نرخی بێکاری لە ئێران سەدا ٢٣ ڕادەگەیەندرێ، نرخی بێکاری لە کوردستان بەپێی داننانی نوێنەرانی مەجلیسو تەنانەت پارێزگارەکانی پارێزگا جیاوازەکانی کوردستان سەروو سەدا ٣٥ و تەنانەت لە سەدی ٤٠ تێپەڕیوە.

دووهەم ئەگەر کرێکار لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بریتییە لەو کەسەی لە کارخانە پیشەییەکان، یان فەرمانگە دەوڵەتییەکانو کەرتی تایبەتدا کار دەکاو قانوونی کارو دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیو ئەو ئیمکاناتو بڕە ئیمتیازانە دەیان گرێتەوە کە لە قانوونی کاردا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام لە کوردستان بەهۆی نەبوونی کارخانەو کارگەی پیشەییو بوونی کارگەو یەکەی بەرهەمهێنەری بچووک بچووک، کرێکاران زیاتر بە گرێبەستی چەند مانگەو بەدەر لە هەلومەرجە دیاریکراوەکانی قانوونی دادەمەزرێنو هیچ کام لەو ئیمتیازو مافانە نایانگرێتەوە، دوای ئەوەش پێناسەی تایبەتیی کرێکار لە کورستان ئەو کەسانەن کە هەلومەرجی سەختی ژیان وای لێکردوون لە مەیدانەکانی کاری شارەکاندا ڕابوەستنو کەسێک بۆ کاریان ببا، ئەو کەسانەن کە لە بەشی بیناو خانووبەرە سازکردندا کار دەکەن، لە کورەخانەکان بە خۆیانو بنەماڵەکانیان چەند سەعات بەر لە خۆر هەڵاتنو چەند سەعات دوای خۆرئاوابوون خەریکی کارو ئارەقە ڕشتنن، لە مەزراو مووچەکان وەک کرێکار خەریکی کاری وەرزێڕین، لە شارو شەقامو کۆڵانەکاندا خەریکی دەستگێڕینو؛ یان دەنا لە ناوچە سنوورییەکان خەریکی هێنانو بردنی بار بۆ کەسانی خاوەنبارنو بە کۆڵبەر دەناسرێن.

هەر بۆیەش دەبینین زۆربەی کرێکاران لە کوردستان بە حەقدەستی ڕۆژانە کار دەکەنو لە بری کاری کردوویان پووڵ وەردەگرنو هیچ قانوونو ناوەندێکی حکومییان وەک پشتیوان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە پشت نیە.

سێهەم ئەوەی نەک لە کوردستان کەسی کرێکار ئەمنیەتی کاریو توانای ڕاگرتنو پاراستنی کارەکەی نییە، بەڵکوو تەنانەت ئەمنیەتی گیانیشی نییە. لە کوردستان تەنیا لە ساڵی ٩٢ ی هەتاویدا پتر لە ١٠٢ کۆڵبەرو کاسبکاری کورد بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە تۆمەتی ئەوەی باری قاچاغیان پێیە، کوژراونو بریندار بوون[ ٤٤ کەسیان کوژراون، ٥٨ کەسیش بریندار بوون]، جیا لەوەش ٣٨ کەسی دیکەش لەو خەڵکە زەحمەتکێشو کاسبکارە بەهۆی تەقینەوەی مین لە بن پێیان دا کوژراونو بریندار بوون [ ١٠ کەسیان گیانیان لە دەست داوەو ٢٨ کەسیان بریندار بوونو لاقیان پەڕیوە]. هەروەها هەر لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر ٩٦ کرێکاری بیناسازی لە کوردستان بەهۆی نەبوونی ئەمنیەتی ستانداردی کارو بە ڕووداوی کار وەک بەربوونەوە لە بەرزایی گیانیان لە دەست داوە.

چوارەم ئەوەی هەرچەشنە داخوازیو نارەزایەتی دەربڕینێکی سینفیی کرێکاران بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیانو مافو بڕی مووچەو حەقدەستیان بە چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی لێک دەدرێتەوەو لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بەرهەڵستیان دەبنەوە، ئەوەش دەستو پێی ئەوانی بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەو کۆڕو کۆمەڵو تەنانەت نارەزایەتی دەربڕینیش بەستوە. دەسبەسەر کردنی ٥ چالاکیی کرێکاریی شاری بۆکان لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکارو دەسبەجی دادگایی کردنیانو سەپاندنی ١٣ ساڵ زیندان بەسەر ئەو ٥ کەسەو(١)، دەسبەسەر کردنی سێ چالاکیی کرێکاریی شاری سنە(٢) لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا دوو نموونەی بچووک بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەن.

کەواتە دیسان دەبێ بڵێین کە ئەمڕۆکە توێژی کرێکار لە ئێرانو کوردستان لە سەختترین بارودۆخدا دەژینو هەژاریو بەشمەینەتی بەشی جیانەکراوەی ژیانو گوزەرانیانە، ئەوە نە دروشمەو نە مەزلووم نیشاندانی کرێکاران، بەڵکوو ئەوە ڕاستییەکانو ئامارەکانن کە دەردەخەن توێژی کرێکار لە ئێران چەندە لە مافەکانیان بێبەشو باری گوزەرانیان چەندە سەختو ناهەموارە.

(١) جەماڵ مینا شیری و هادی تەنۆمەد هەر کام بە ٣ ساڵ و ٦ مانگ زیندانی تەعزیریو قاسم مستەفا پوور، ئیبراهیم مستەفا پوور و محەممەد کەریمی هەر کام بە ٢ ساڵ زیندانی تەعزیری حوکم درانو ئێستا لە زیندان دان.

(٢) دەسبەسەرکرانی کورش بەخشەندە، مەنسور محەممەدی و ئارام لە شاری سنە، ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ ی بانەمەڕ

---

درێژەی:

## فەیسبووک... لە ئامانجی زوکێربێرگەوە تا سنووربەزاندنو ئازاردانەکانی ئەمرۆ!

تەنیا بۆ کات بەسەربردن نیە، بەڵکوو بۆتە بەشێک لە ڕاستییەکانی ژیانمان. زۆر لە پێوەندییەکانمان لەم رۆژگارە مۆدێرنەدا لە ڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوەنو ئەم تۆڕانە هەر دێو پەرەدەستێنن. ئێمە کە بەشێک لە ژیانمان تێکەڵاوی ئەم تۆڕانە بووە، ئاسانترین ڕێگا، ڕاکردنو خۆدزینەوەیە لە دەست کێشەو گرفتەکان. بەڵام کەسی ئازا یان خەباتکار ئەو کەسە نیە، لە دەست کێشەکان ڕابکا، بەڵکوو ئەو کەسەیە نایەڵێ کێشەو نیگەرانییەکان، بیبەزێنن.

دیارە زوکێربێرگ ئەوکاتەی بیری لە فەیسبووک کردەوەو دایهێنا، بە نییەتی ئاسان کردنی پێوەندیی دۆستایەتیو هاوڕێیەتی بوو، ڕەنگە بیری لە یەکتر ئازاردانی مرۆڤەکان لەم ڕێگەیەوە نەکردبێتەوە! ئەگینا بیری لەوە دەکردەوە چۆن ڕێگە لە مرۆڤە دەمامکدارەکان بگرێو نەیەڵێ ئەم کەرەسە گرنگەی

**ژن مافی ئەوەی هەیە ژنانە بژی، ژنانە پێوەندی بگرێ، ژنانە دەرکەوێ، بەڵام لە نێو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەتی لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە ژن وەک ئەکتەرێکی جنسیو خۆشگوزەرانی بۆ پیاوان چاویان لێدەکرێ، دەڵێی لەم دنیا بەناو مەجازییەشدا مافی ئەوەیان نیە ئاسوودە بن. لێرەش هەر رۆژە چیرۆکێک لە ئازاردانی ژنان دەبیسین. ئازار دانەکان لێرەشدا وەک شەقامو کووچەوکۆلانەکانی وڵاتو شارو گوندەکەمان دەچێ! بەجیاوازییەکەوە کە کەسەکان دەمامکدارنو دیار نین کێن، بەڵام وشەکانیان پیاوانەن!**

سەدەی ٢١ بەنییەتی ئازاردانی یەکتر بەکار بێ!

بەڵام گرنگ ئەوەیە ژنان نابێ ئەم ترسانە بەسەریاندا زاڵ بێو فەیسبووک بەجێ بێڵن! یان بە وێنەو ناوی شاراوە بۆچوونەکانیان دەربڕن. ژنان کە توێژی زوڵملێکراوی کۆمەڵگەنو ئازارو خەمی هاوبەشیان هەیە، فەیسبووک دەتوانێ شوێنێک بێ بۆ یەکگرتوویان، بۆ دەربڕینی ئازادانەی ئامانجو خواستەکانیان، بۆ وەرێ خستنی شۆڕشێکی ژنانە دژی هەڵاواردنو ئازاردانەکان. هەروەک چۆن لە وڵاتی میسر تاکێکی فەیسبووکی شۆڕشێکی وەرێ خست، ژنانیش ئەگەر لەئاست خواستە بەرحەقەکانیاندا یەکگرتوو بن، ئەگەر بۆ مافە مرۆییەکانیان، بێوچان هەوڵ بدەنو ئەم کەرەسە مۆدێرنانە بخەنە خزمەت ئامانجەکانیانەوە، نەک دەتوانن هەر زاڵ بن بەسەر هەموو ترسەکاندا، بەڵکوو دەتوانن سیستمی پیاوسالاری لەبەر یەک هەڵوەشێنن.

ژن! ژیان پرە لە کەندوکۆسپ، دەستهەڵگرتن لە خواستو ئارەزووەکان ئاسانترین کارە، هێز لە ناخی ئێمەدایە کەوایە مەترسە لە ئەم شتە پڕوپووچانە!

پێویستە ئێمەی ژنانیش ئەم کەرەسەدروستکراوەی دەستی پیاوان! لە ڕاستای خواستەکانی خۆماندا بەکار بێنو بێوچان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی خاڵی لە هەرچەشنە ئازاردانێک خەبات بکەین، کە فیسبووک یەکێکە لەو کاناڵانەی زۆر باش دەتوانین ڕوانینو بۆچوونە ئینسانیو ڕەواکانی خۆمانی تێدا پەرە پێبدەین، بەڵام نەک پیاوانە دەرکەوتن.

**(١) وەرگیراو لە فەرهەنگی یەک جلدی فارسی – کوردی «دانشگاه کردستان»**




عەلی لەیلاخ

# ڕۆژی جیهانیی کتێب‌و چەند قسەیەک

کتێب یەکێک لە کۆنترین بەرهەمە فیکریو فەرهەنگییەکانی مرۆڤەکانە کە بە باشترین دۆستی مرۆڤ پێناسە دەکریو هەر لەسەرەتای دەسپێکی شارستانییەت تا ئێستا ئینسان لە گەڵی ژیاوەو خاوەن بیرانو نووسەران بە ئافراندنوکۆکردنەوەی بەرهەمە زانستیو ئەدەبییەکانی خۆیانیان لە قەبارەی «کتێب»دا بۆ کەڵک وەرگرتنی مرۆڤەکانی دیکە، بە تایبەت نەوەی داهاتوو پێشکەش کردووەو ئەم ڕەوتە بایەخدارە فەرنگییە هەر درێژەی هەیەو دەتوانین بڵێین هەتا فیکرو زانست هەبیوکۆمەڵگە بوونی هەبێ «کتێب»یش بوونی هەیە. هەر بۆیە لە لایەن ڕێکخراوی ڕاهێنانوفەرهەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە (یۆنسکۆ) ڕۆژی ٣ی بانەمەڕ بەرانبەر بە٢٣ی ئاوریلی هەرساڵێ بە «ڕۆژی جیهانیی کتێب» لە جیهان‌دا ناساند. یەکەمجار لە لایەن یەکیەتیی نێونەتەوەیی (ناشران)و بە پێشنیاری وڵاتی ئیسپانیا لە ٢٨مین دانیشتنی گشتیی(یۆنسکۆ) پێشنیاری دانانی ڕۆژێک بە ناوی «کتێب» هاتە ئاراوە کە دوایی بە پێشنیاری رووسیە «مافی خاوەن بەرهەم (حق مؤلف)ی پێ زیاد کرا. هۆکاری هەڵبژاردنی ٢٣ی ئاوریل (٣ی بانەمەڕ)، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسمێکی کۆن لە ئەیالاتی کاتونیای ئیسپانیا کە لەو ڕۆژەدا کتێب فرۆشەکان لە گەڵ هەرکتێبێک گوڵێکی سووریش پێشکەش بە کڕیاران دەکەن و، هەروەها ئەم ڕۆژە ڕێکەوتە لە گەڵ لە دایکبوونو مەرگی هێندێک لە نووسەرانی بەناوبانگی جیهان.


به پێی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، بەدیهاتنی خەتی پیتی(حرف)ی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٥٠٠ساڵ پێش زایینو سۆمرییەکانو بابولییەکان یەکەم داهێنەرانی خەت‌ونووسینن. لە وێرانەکانی بە جێماو لە شوێنو شاری سۆمرییەکان باس لەوە دەکریٚ کە کتێبخانەی تاکە کەسیوکتێبخانەی ئایینی و... هەبووە. لەم بارەوە کتێخانەی (تلو) کە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ لەوحی گڵی نووسراوی تێدا بووە بەناوبانگە. بوونی کۆنترین ئەدبیاتی ناسراوی ئینسانیو تومارکردنی ئەفسانەکان وەکوو چیرۆکی(قارەمانی جوانەمەرگ گیل



گمشن) ئەوەمان پێ دەڵێ؛کە سۆمرییەکان یەکەم کەسانێک بوون کە گرنگی تایبەتیان بە «کتێب»داوە. جێی ئاماژەیە کە پێش ئەوەی کاغەز دروست بکرێت لە لایەن چینیەکانەوە، ئینسانەکان لەسەر بەردو گڵو پێستی ئاژەڵەکان بابەتە زانستیوفیکرییەکانی خۆیانیان دەنووسی.

بەرەبەرە دوای دروست کردنی کاغەز ئەژماری کتێب‌و ناوەرۆکی کتێبەکان پەرەی ستاندو تا ئەمرۆ کە ئیتر ئەم بەرهەمە فەرهەنگیو پڕبایەخە بەلای هەموو کەسێکەوە ناسراوەو هەر لە ڕێگەی کتێبەکانەوە ئینسان فێری خوێندن‌ونووسین‌و زانست دەبێ. کە وایە دەتوانین بڵێن: ڕادەی زانست‌و فەرهەنگ‌و پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگایەک گرێدراوە بە ئاستی خوێندنەوەی کتێب‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوەی.

ئەمرۆکە بە هۆی سەرهەڵدانی میدیای جوراوجۆرو پەرەسەندنی ئینترنێت‌و تۆرەکۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کتێب تاڕادەیەک لە پەراوێز خراوەو، خوێندنەوەی کتێب (مطالعه) تائاستێکی نزم دابەزیوە. ئەمەش بۆتە هۆی نیگەرانی چاودێرانی فەرهەنگی‌و پەروەردەیی لە جیهان‌دا. چونکە دوور کەوتنەوە لە کتێب دوورکەوتنەوەی مرۆڤە لە زانستی بنەمادارو پێشکەوتنی بەردەوام. ئەو کۆمەڵگەیە کە پشت



لە کتێب دەکات، دەکەوێتە نێو دنیایەکی نەزانین. هەر بۆیە گرینگیدان بە کتێب‌و خوێندنەوەی کتێب بە کەلتوورێک ناوزەد کراوە بە ناوی (فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە)،کە واتە دەبێ موتالای کتێب وەکوو فەرهەنگێک ڕێزی لێبگیردریو لە لایەن هەموو تاکێکەوە پەرەی پێ بدرێت. ئەم ئەرکە یەکەم جار لە بنەماڵەوە لە ئەستۆی باوک‌و دایکانەکە هەر لە منداڵییەوە حەزو ئۆگری بە کتێب وکتێب خویندنەوە لە منداڵەکانیان‌دا وەگەر بخەن‌و هەردەم ئەوان هان بدەن کە لە گەڵ کتێب ببن بە هاوڕێ. ئەوەش پێویستی بەوەیە کە خودی باوک‌و دایکەکان گرینگیوکاتی تایبەت دابنێن بۆ خوێندنەوەی کتێب. دوای بنەماڵە لە قوتابخانەکان مامۆستا لەم بارەوە بەرپرسن.

ڕەوشی گرینگیدان‌وخوێندنەوەی کتێب لە ئێران بەگشتی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەگرێتەوە بەداخەوە نەتەنیا ڕەوشێکی باش نیە بەڵکوو مەترسیدارەوجاروبار لە لایەن کارناسانەوە هۆکاری لاوازی کەلتووری کتێب خوێندنەوە لە کۆمەڵگەی ئێران خەسار ناسی دەکرێت‌و هاواری خۆیان دەردەبڕن کە بەرپرسانی سەرەوە گوێ بیستی ئەم خەسارە فەرهەنگییە نین‌و هیچ پلان‌و بەرنامەیەکی فەرهەنگی لەم بارەوە ڕێک ناخرێ. تەنانەت لە دەرخستنی داتاو ئاماری دروست لەم بارەوە چەواشەکاری دەکرێ. بۆ نموونە بەرپرسی کتێبخانەکان لە ئێران ڕادەی خوێندنەوەی(مطالعەی)کتێب بۆ هەر تاکێک لە شەوڕۆژێکدا ٧٨ دقیقەی بڵاوکردوە کە ئەم ئامارە دوور لە ڕاستییە، بۆیە بوو بە هۆی نارەزایەتی چاودێرانی فەرهەنگی، چونکە بە گوێرەی بەرپرسی پێشووتر و داتاکانی دیکە؛ خەڵکی ئێران ٢ دەقیقە کات تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی کتێب! جێی ئاماژەیە بەپێی ئامارە جیهانییەکان بۆدەرکەوتنی ڕادەی حەزو ویستی خوێندنەوە(مطالعه) لە وڵاتانی جیهان (مەبەست تەنیا کتێبە) ئیدی ڕۆژنامەو ماڵپەڕو کتێبی دەرسیو بڵاوکراوەکانی دیکە ناچنە خانەی خوێندنەوەوە.

چەند نموونەیەکی خوێندنەوەی کتێب بە پێی داتا ڕەسمییەکان لە ئاستی جیهانی‌دا:

خەڵکی ئەمریکا٢٠چرکە، ئینگلیستان٥٥ چرکە، ژاپۆن ٩٠ چرکە، لە شەوڕۆژێک کات تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی کتێب. لەم بارەوە کاربەدستانی ئێران بە چەواشەکردنی ئامارەکان‌و تێکەڵکردنی خوێندنی قورئان‌و دوعاو زیکری مەزهەبیو کتێبە دەرسییەکان لە خوێندگاکان تێدەکۆشن ئاستی (مطالعه) لە ئێران بەرز نیشان بدەن‌وله گەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان‌دا ڕەکەبەریی بکەن هەر بۆیە ئاماری ١٥ چرکەیان بڵاوکردووتەوە!

لەهەر کەس بپرسی کتێب بە شتێکی باش دەزانێت، ئەی بۆ بە گشتی حەزو ویستی خوێندنی کتێب‌وگرینگیدان بەم دۆستە زانایە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆژبەڕۆژ لە دابەزین دایە؟ یان چی بکەین کە کەلتووری کتێب کڕین‌وخوێندن گەشە بکات؟ لەم بارەوە ئەمە دوو پرسیاری سەرەکیوگرینگن . بێشک سەرهەڵدانی دنیای مەجازیوگەشەی ئینترنت کاریگەریی زۆری دانا بەسەر حەزو ئۆگری بە کتێب خوێندنەوە بەڵام پاساوێکی تەواو نیە. چونکە ژێدەرو ژێرخانی فیکریو زانستی تا ئێستاش هەر کتێبە. بە تایبەت کۆمەڵگەی دواکەوتوو زۆر پێویستی بە هەوڵ‌و تێکۆشانی زیاترە لەم بارەیەوە.

**ئەو ئەرکانەی کە دەبنە هۆی هاندانی زیاتر بۆ خوێندەوەی کتێب:**

- بەڕێوەبردنی کێبەرکێی خوێندنەوەی کتێب‌و نووسینی کورتەیەک لەو کتێبەی کە خوێندراوەتەوە.

-گوڵبژێری ناوەڕۆکی کتێبە گەورەکان کە لاپەرەیان زۆرەوکۆکردنەویان لە کتێبێکی بچووک هەتا ببێتە هۆی ناساندی ئەو کتێبەو خوێنەر بۆلای خۆی ڕاکێشێ.

-ئامادەکارییو ئاسانکاریی زیاتر بۆ ئەوەی منداڵان‌و مێرمنداڵان لەم بوارەدا وەکوو(کڕینی کتێب، هاندان، ڕێنوێنیو یارمەتیدانیان بۆ خوێندنەوەی ئامانجدار کە ببێتە عادەت کە بە شێوەی حەوتووانە یان مانگانە کتێبی تازە بکڕن بۆ منداڵان‌و....

بە هیوای ئەوە کە ڕێزگرتن لە کتێب‌و تەرخان‌کردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ خوێندنەوەی کتێب لەلای هەموو تاکێکی کورد ببێتە فەرهەنگ‌وکەلتوور، کە گەرەنتی پێشکەوتن‌وسەرکەوتنی کۆمەڵە.

**کۆمەڵگا کاتێک بەختەوەرو زانایە،کە خوێندنی کتێب ببێتە کاری ڕۆژانە «سوقرات»**

**زۆر کتێب بخوێننەوە، تا تێبگەن کە زۆرشت نازانن. «مۆنتسکیو»**

**ژێدەر:ماڵپەڕی الف.نیک صالحی، پەیچی قسەی گەورە پیاوان...**

هەڵبژێنی

# هۆڵۆکاست کاری کوردی ئاڵمانیولئەسلە



مستەفا شێخە

لە سەردەمی ئێستادا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشڕەوی ڕەوشەنگەریو تێگەیاندنی خەڵکن. لە نێو ڕاگەیاندنیش‌دا هەزارو چەندسەد ماشەڵڵا ڕاگەیاندنی خۆمان بە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ‌و لێهاتوویەوە نزیکەی ٢٠٠ ساڵە چالاکە. دیارە نابێ ڕۆژنامە خۆمانتان لەگەڵ ئەم ڕۆژنامە کوردییە لێتێک بچێت کە ١١٧ ساڵ لەمەوبەر بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە. من کاتێک دەڵێم خۆمان مەبەستم خۆمانەو هیچی دیکە. هەر ئەم خۆمانەی لەسەر نەخشەیەکی وەک پشیلەیەو لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان‌و پاکستانەوە تا ڕۆژهەڵاتی تورکیاو عێراقی بە بەرینایی نێوان دوو دەریای خەلیجی نازانم چیو بەحرە کۆنەکەی قەزوینی لە خۆ گرتووە. بۆیە دەڵێم خەلیجی نازانم چی، ئێستاش شەڕی مەجووسیەکانی باکووری خەلیج‌و تازییەکانی باکووری ئەم کەنداوە بەردەوامە. یەک دەڵێ خەلیج بە شێوەیەک عەرەبی دەزانێت، قەبیلەی قورەیشی پێش ئیسلامیش عەرەبیی وا نازانن‌و جەماعەتەکەی لای باکووری کەنداوەکەش دەڵێن «خەلیجێ هەمیشە فارس» پێش ساسانییەکان تەنانەت بەر لە ئاوەدانبوونەوەی ئەم ناوچەیە لەلایەن مرۆڤەوە فارسییەکی وەک چاوی کەڵەبابی زانیوە.

ئەوەی سەرەوە تەنیا بۆ ناساندنی جوگرافیای خۆمان بوو. ئەم جوگرافیایەی خۆمان ماوەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵە ڕۆژنامەگەریی تێدا بەردەوامەو ئەوەندەی ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ‌و لێهاتوو و ڕاستگۆ تێدا پەروەردە بووە کە ئەم جەماعەتی ڕۆیتەرز و مۆیتەرزو ئاسۆشیتێدپرێس‌و شتە هەر تۆزیشمان ناشکێنن.

لە نێو ئەم ڕۆژنامەنووسە لێهاتووانەی خۆمان‌دا ماڵپەڕێکی «وەزین» بە زمانی شیرینی فارسی کە هەموو دانیشتووانی سەر جوگرافیای شێوە پشیلەکە دەبێ تێی بگەن، بابەتێکی جوانی بڵاو کردۆتەوە، بەڕاستی جێگەی سەرنجە.

ماڵپەڕەکە کە بە زمانی دیسان شیرینی فارسی لە تەنیشت لۆگۆکەی نووسراوە «خۆر هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێت»، لە بابەتێکی تازەدا باس لە ڕەگەزی کوردان دەکات.

ماڵپەڕی ناوبراو لە بابەتێک‌دا وەڵامی ڕێکخراوێکی ژنانی سەر بە یەکێک لە حیزبە زیددی ئینقلابەکان دەداتەوە. گوایە ڕێکخراوەکەی ژنانی سەر بە زیددی ئینقلاب بە زمانی سووتاوییەوە باسی پێشێل‌کردنی مافی ژنانی لەسەر پێستی پشیلەکە کردووە.

ماڵپەڕە پرۆفیشناڵەکەی خۆمان کە بەتەمایە هەموو ڕۆژێ بەیانیان لە جیاتی خۆر دەرکەوێت، لە وەڵامی ئەم بابەتەدا باسی مەترسییەکی زۆر گەورەی هێناوەتە زمان. نووسەری بابەتەکە بە مەبەستی تێگەیاندنی خوازیارانی زانیاری پەردەی لەسەر ڕازێکی گەورە هەڵداوەتەوە کە دۆزینەوەی ئەم ڕازە بۆ یەکانگیریی جوگرافیاکە زۆر بەسوودە. ئەوە یەکەم جارە ئەم ماڵپەڕە ئاماژە بە مێژوویەکی شاراوە بکات. بەپێی ئەم زانیارییە نوێیە بەرادەرانی مەرزنشینی غەیوری غەربی کشوەری پەهناوەری خۆمان لەگەڵ هیتلێری ئەڵمانی‌دا خزمایەتیی نزیکیان هەیە. ماڵپەرەکە بۆ ئاشکرا کردنی زیاتری ئەم نهێنیو ڕازە پەردە لە سەر زەماوەندو خزمایەتییەک هەڵدەداتەوە کە تا ئێستا کەس هەستی پێنەکردووە. لە وتاری ئەو ماڵپەڕەدا لە تۆڵەی فەرمایشی ڕێکخراوەکەی ژنان سەبارەت بە پێشێل‌کردنی مافی ژن لە ئێرانی پەهناوەردا دەڵێت سەرۆکی پەکەکە کە ماوەی ١٦ ساڵە لە زیندانی ئیمراڵی دایە خودا دەزانێ چەند ساڵ بەر لە دەستبەسەرکرانی زەماوەندی لەگەڵ کچێکی ٦ ساڵانی کوردی ڕۆژهەڵاتی بە ئەسڵ ئاڵمانی کردووە. بەحیسابی نووسەرەکە کە دەبێ کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هەمان غەربی کشوەری خۆمانە زیددی ئینقلاب ئەم نێوە ناشیرنەی بۆ داناوە، بەشێکە لە ئاڵمانیا یان ڕەنگە ئاڵمانیا بەشێک لە غەربی کشوەر بێت. ماڵپەڕەکە وێنەی هاوسەرە کوردە ئەڵمانیولئەسلەکەی بەڕێز ئۆجالانیشی داناوەو بەم کارەی دوژمنێکی گەورەی بۆ ئەم وڵاتەمان دروست کردووە. ئەوەمان لەبیر نەچێت کچە شەش ساڵانەکە کە دوای گیرانی بەڕێز ئۆجالان گەورە بووە، خۆی لە سوێندان‌دا نوقم دەکات‌و دەڵێت من ئەندامی حیزبێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.

بە پێی زانیارییەکانی ئەم ماڵپەرە، لێکدانەوەی هەڵەچێن بە کورتی بەم شێوەیە دەبێت:

١- غەربی کشور بەشێکە لە ئاڵمانیا یان ئاڵمانیا بەشێکە لە غەربی کشوەر.٢- سەرۆکی حزبێکی کوردستانی تورکیا کە زیددی ئینقلاب پێی دەڵێت باکوور، زاوای حیزبێکی مونحەللەی غەربی کشوەرە. ٣- کچی زیددی ئینقلاب لە تەمەنی ٥ تا ٦ ساڵی‌دا دەگاتە «حەددی بلووغ». ٤- کوردی باکوور لە ڕێگەی کوردی غەربی کشوەری خۆمانەوە بە خزمایەتی دەگەنەوە وڵاتی هیتلێرو سەرئەنجام ڕووداوی هۆلۆکاست بە دەستی بنەماڵەی کچە کوردە ئاڵمانیۆل‌ئەسلەکە لە مەودای نێوان پیرناسرو ڕەندۆڵە ڕوویداوە کە دەکاتە زێدی بنەماڵەی هاوسەرە ئاڵمانیولئەسلەکەی سەرۆکی حیزبەکەی باکووری کوردستان. ٥- پێچەوانەی بۆچوونی سەرۆک‌کۆماری پێشووی خۆمان، هۆلۆکاست ئەنجام دراوەو هەر لەبنەڕەتەوە کاری کوردی زیددی ئینقلابە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 631 6 may 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی بەهاریی وێنەکێشانی منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چالاکییەکی وێنە کێشانەوەدا دەیان منداڵی لە دەوری یەک کۆ کردەوە.
ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ی بانەمەڕ ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی دەیان منداڵی کەمپەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان فستیڤاڵێکی گشتیی وێنەکێشانی وەڕێ خست.
لەو چالاکییەدا منداڵان خولیاو خۆزگەکانیان بە وێنە دەربڕی.





قوتابخانەیەک لە یەکێک لە گوندەکانی سەربە سیستان و بەلووچستان لە ئێران!

بەر لە ماڵاوایی

## بۆ بەربەرکانی لەگەڵ بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ماددەی شیشە، هەڵمەتێکی گشتی پێویستە



قادر وریا

ماددە سڕکەرەکان، هەر جۆرێکیان هەڵگری زیان‌و شوێنەواری ماڵوێرانکەری تایبەت بە خۆیانن. زیانی بەکارهێنانی ئەو ماددانە، هەر بەبادانی سامان‌و دارایی بەکارهینەران‌و بنەماڵەکانیان نییە، جەستەو ڕۆحی تووشبووانیش لە ئاکامی خواردن‌و کێشان‌و بەکارهێنانی ئەو ماددانەدا، بەرە بەرە دادەفەتێن‌و وێران دەبن. شوێنەواری وێرانبوونی جەستەو ڕۆحی تووشبوانیش بناغەی بنەماڵەکانیان هەڵدەتەکێنێ.

بەڵام ئەمە هەمووی کارەساتەکە نییە. بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو کەسی تووشبووی ماددە سڕکەرەکان لە هەر گوندو شارێک، چوونە سەری ژمارەی بنەماڵە لێکهەڵوەشاوەکان‌و زیادبوونی ژنان‌و منداڵانی سەرپەرست لەدەستچوو، دەبن بە هەوێن‌و ماکەی زۆر کێشەی دیکە. جگە لەوەی زۆر نەخۆشی‌و کێشەی کۆمەڵایەتی لە سەر زەمینەی بوونی ئەم هەمووە مرۆڤە لێقەوماوە سەرهەڵدەدەن‌و گەشە دەکەن، کۆمەڵ لە تەواوەتیی خۆی‌دا گەشەو نەشەو زیندوێتیی خۆی لە دەست دەداو ئەگەر ڕەوتەکە بەری پێ‌نەگیرێ، پاش ماوەیەک کۆمەڵ نەخۆش دەکەوێ.

**

کۆمەڵی ئێران، لە سێبەری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو توتالیتێرو بە هۆکاری سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی سەرچاوەگرتوو لە دەسەڵاتدارەتی‌و بەڕێوەبەرێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ماوەی سێ دەیەو نیوی ڕابردوو دا، ئیستیعدادی سەرهەڵدان و گەشەکردنی قەیران‌و کێشەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری تێ‌دا پێک هاتوە. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا، لانکەو ژینگەی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازی‌و مەیدانی بەربەرەکانی لە گەڵ سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەو دەسەڵاتە بووە. ئەم ڕاستییە لە لایەک هۆکار بووە بۆ بوونی وشیاری‌و بەرزبوونی ئاگایی گشتیی خەڵک بە تایبەتی لاوان‌و دووری‌کردنی ڕێژەیی ئەوان لە دیاردە نەرێنییەکان‌و یەک لەوان بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان. بەڵام هەر بوونی ئەو گیانی بەربەرەکانی‌و ئازادیخوازییە لە نێو لاوانی کوردستان‌دا، لە لایەکی دیکەوە بووە بە هۆی ئەوە، دام‌ودەزگاو دامەزراوە ئەمنییەتی‌و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەترسییەکی گەورە بۆ دەسەلاتدارەتیی ڕێژیمەکەیانی بزانن‌و هەوڵی وێرانکردن‌و نەهێشتنی بدەن. دواخستن‌و پشتگوێ‌خستنی بە ئەنقەستی کوردستان لە باری ئاوەدانی‌و تەرخان نەکردنی پرۆژەو بەرنامەی تایبەت بە بەرهەمهێنان‌و دامەزراندن‌و دابینکردنی کارو داهات‌و بژیو، هەوڵێکی ئاگایانە بووە بۆدروستکردنی زەمینەی پاڵپێوەنانی لاوانی کوردستان بەرەو یەک لەم دوو چارەنووسە: ببن بە چەکدارو مۆرەو خزمەتکاری ئەم دام‌ودەزگایانە، یا بەرەو ئیعتیادو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بڕۆن‌و لە نێوەوە وێران بن! تەنانەت کاسپیی پڕزەحمەت‌و مەترسیداری کۆڵبەری‌و هێنان‌و ڕاگواستنی کەلوپەل لە سنوورەکانیشیان پێ‌ڕەوا نابینن‌و بە ئاسانی دەیاندەنە بەر دەسڕێژ بۆ ئەوەی چارەنووسێکی دیکەی جیا لە هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕێگایەیان نەبێ.

لە سەر ئەم زەمینەیە، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کوردستانیش تووشی داوی ئیعتیاد بوون، ماوەیەکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ناوچەی سەردەشت‌و چەند ناوچەیەکی دەوروبەر، بوون بە مەڵبەندی بەرهەمهێنان‌و سادرکردنی پڕمەترسیترین جۆری ماددەی سڕکەر کە بە «شیشە» ناسراوە. ژمارەیەکی بەرچاو مرۆڤی هەلپەرست‌و بێویژدان خۆیان بۆ بەرهەمهێنان‌و فرۆشتن‌و بڵاوکردنەوەی ئەم ماددە خەتەرناکە تەرخان کردوە. زۆرماڵ‌و ئەنبارو خانووی نێوباغ‌و مووچە، تاقیگەو کەلوپەلی دروستکردنی ئەم ماددەیەیان تێ‌دا جێگیر کراوە. چۆنیەتیی هاتنی ئەو دەرمان‌و ماددانەی «شیشە»یان لێ‌دروست دەکرێ، شێوەکانی بڵاوکردنەوەو بەڕێکردنی بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان‌و ئێران، داهاتی سەرسوڕهێنەری ئەم بازرگانییە ماڵوێرانکەرە، ڕۆڵ‌و دەست‌تێ‌دا هەبوونی کاربەدەستان‌و دامودەزگا ئیتلاعاتی‌و سەرکوتکەرەکان لەم بازرگانییەدا، ڕادەو ژمارەی قوربانییەکانی پەرەگرتنی مەسرەفی ئەم ماددەیەو خەسارە کورتخایەن‌و درێژخایەنەکانی مەسرەفی ماددە سڕکەرەکان‌و بە تایبەتی ماددەی شیشە، هەڵ دەگرێ هەڵمەت‌و کاری هەرەوەزیی لە ئاستی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ڕاگەیەنەکانیان بە تایبەتی تەلەڤیزیۆنەکانیان‌و دامەزراوەو چالاکانی مەدەنیی نێوخۆو دەرەوەی کوردستانی لە سەر بکرێ.

**

غافڵبوون و بێتەفاوەتبوون لە زیانەکانی ئەو دیاردەیەو نەبوونی بەربەرەکانییەکی گشتی‌و هەمەلایەن لە گەڵ نیازی چەپەڵی کردنی کوردستان بە کارگەی بەرهەمهێنان‌و سادرکردنی ماددە سڕکەرەکان، کەمتەرخەمییەکی گەورەیە. کەمتەرخەمییە لە ئاست ئێستاو داهاتووی کۆمەڵ‌و خەڵکێک کە خەریکە دەبن بە نێچیرو پارووی بازرگانانی فرمێسک‌و خوێن. لە سەر هەموو حیزب‌و ڕێکخراوێکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە سەر گشت لایەن‌و تاکێکی وشیارو بەرپرس لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات پێویستە بەرامبەر ئەم هەڕەشەو مەترسییە، وەدەنگ بێن. هەڵویست هەبوون‌و هاتنە مەیدان بەرامبەر بەو هەڕەشەو مەترسییە، ئەرکێکی ئینسانی‌و ئەخلاقی‌و نەتەوەییە. کاتی ئەوە هاتوە بە هەموان ئیرادەیەک دروست بکەین بۆ وەڕێخستنی هەڵمەتێکی گشتی لە دژی دوژمنان‌و سووتێنەرانی سڵامەتی‌و زیندوێتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.